له :

رێزمان و وشەنامەی زمانی کوردی

ماوریتسیۆ گارزۆنی

رۆما

١٧٨٧

تۆژەر و وەرگێڕ : شێرکۆ هەژار

٢٠١٨

ئارشیف : هێدی(جەعفەری حوسێنپوور)

ئەم کارمم بەتایبەتی بە ئارشیفی هێدی (کاکە جەعفەری حوسێنپوور)ی

بەرز و بەڕێز پێشکەش دەکەم

ساڵی رابرد، بەشی ئەوەندە فێری زمای ئیتالی بووم کە بتوانم کتێبی پێ بخوێنمەوە و، لێوەربگێڕم . ئەوجا ئەم کتێبەی"گارزۆنی"یم لە ئینتەرنێتدا پەیداکرد و گوتم با هەمووی بکەمە کوردی و پێشکەشی" هێدی"ی زانا و خۆشەویستی بکەم . بەڵام کە دیتم کتێبەکە چ وێرانەیەکە، لەوە پەشیمان بوومەوە کە بنووسم " پێشکەشە بە هێدی" ، پێم وابوو ئەمە شایانی ئەوە نەبوو بە پێشکەشی بدرێ بەو، بەڵام لە لایەکی ترەوە ، خۆ " ئارشیف " شتێکی ترە و،دەکرێت هەرکتێبێک بگرێتەوە و، ئەوەندەی من لە ئەزموونیفەیسبووکمەوە بزانم، کەس لە نووسەران و شاعیران و تۆژەرانی تری کورد، بۆ ئاگاداری لە ئارشیفی سەرچاوەکان لە بارەی زمان و فەرهەنگی کوردەوە وەکو هێدی بە توانا نیە . ئیتر بڕیارم دا بەتایبەتی پێشکەشی ئارشیفەکەی بکەم .

هێدی گیان، کاکە جەعفەری رۆشنبیری گەورە، مرۆڤی زۆر لە دەوروبەری خۆت گەورەتر، ئەم کتێبە بۆ ئارشیفی تۆیە .

شێرکۆ هەژار

ئەم کتێبە و دانەری و ئەم کارەی من

" ماوریتسیۆ گارزۆنی"ی دانەری کتێبی" ڕێزمان و وشەنامەی زمانی کوردی"ی چاپی ١٧٨٧ی چاپخانەی " کۆڕی پیرۆزی پرۆپاگەندەیعەقیدە"ی کلیسای کاتۆلیک لە ڕۆما، کەشەیەکی بڵاوکەرەوەی مەسیحییەتیکاتۆلیک بووە، ساڵی١٧٦٢بە کاری ئاینی چووەتە مووسڵ و، دوو ساڵ دوای ئەوە لە مووسڵەوە چووەتە " ئامێدی"و دەڵێت ئیتر پتر لە ١٨ ساڵ لای کوردان بووە . ئەوجا ئەم کتێبەی بۆ کلیسا داناوە، تاکو کەشەی تر بۆ بڵاوکرد-نەوەی مەسیحییەت لە کوردستان کەڵکی لێببینن . کلیسا بۆ ئەوە زۆر ڕێزی لێ ناوە و، گارزۆنی بەهۆی ئەم کتێبەیەوە بە " باوکی کوردۆلۆجیا " ناوبراوە .

سا بۆ بەدبەختییکلیسا بوبێت، یا بۆ خۆشبەختییدوژمنانی، ئەوا گارزۆنی پیاوی زمان و ڕێزمان نەبووە . هەر بەنموونە : پتر لەهەژدە ساڵ لە ئامێدی بووە و، بەشیئەوەندە لە زمانیخەڵکەکە نەگەیشتووە کە ئیزافەی ناوی مێ بە " ا " و ئیزافەی ناوی نێر بە " ێ " دەکەن : دەڵێن " جیرانا من" ئەگەر هاوسێکە مێ بێت و، " جیرانێ من " ئەگەرهاوسێکە نێر بێت . کاتێک بیستوویە دەڵێن : دایکا من، وای تێگەیشتووە و خستوویەتە ڕێزمانەکە-یەوە کە ئەگەر ناو بە " ک " کۆتاییهات(وەکو" دایک")، ئەوا بە " ا "ئیزافە دەکرێت : دایکا من . مەگەر پتر لە هەژدە ساڵ لە ئامێدی بووبێت دەکرێت "لاوکێ من " و" باڤکێ من " و "کالکێ من" و "دارکێ من" ی نەبیستبێت ؟

گارزۆنی ویستوویە پیتی لاتین بۆ خوێندنەوەی کوردیی ئەم کتێبەی دابنێ و، بە خەیاڵی خۆی دایناوە، بەنموونە : دەڵێت خەتێک لەسەر پیتیK دەکێشم تاکو بە "ق"بخوێندرێتەوە،

کەچی هەموو K یەکان بە خەتبەسەر و بێخەت وەکو یەک بۆ " ک " و " ق " و "خ" یش بەکاردەهێنێت، کە پیتی تریشی بۆ هێندێک لەوانە بەکارهێناوە، هەمان پاشاگەر-دانی لە بەکارهێنانی چەند لە پیتەکانی تریشیدا هەیە، ئێ کەشەی کە بیەوێت کوردی بەم کتێبەی ئەو فێرببێت، کامە وشەی کوردی بەو پیتانە بە کامە شێوەیان بخوێنێتەوە ؟

گارزۆنی، کە نەیتوانیوە "ا"ی" دایکا من" تێبگات، چووە بڕیاری لەسەر مێژووی چەند هەزار ساڵی زمانی کوردی و فارسیش داوە، دەڵێت : زمانی کوردی لە فارسییەوە هاتووە و بە تێچوونی زۆر وشەی عارەبی و کلدانی جیابووەتەوە . ئاخر ئەوە چۆن دەکرێت ؟ ئێستا ئێمە دەڵێین کە ئیتالی و فەرەنسی و سپانی و کاتالانی و پۆرتوگالی لە لاتینەوە هاتوون، مەگەر دەکرێت بڵێین ئیتالی لە فەرەنسییەوە هاتووە یا کاتالانی لە سپانی؟ مەگەر هەموویان شێوازی جیاوازی هەمان زمان نەبوون؟ ئەی فارسی وکوردی، ئەگەر پێش چەند هەزار ساڵ یەک زمان بووبن، مەگەر ئەو یەک زمانەی ئەسڵەکەش هەر فارسی بووە و ئێستاش فارسیی دوای چەند هەزار ساڵی ئەوە هەر هەمان شتە ؟ کە ناکرێت هەمانشت بێت، بۆچی ناوی‌ئەسڵەکەی هەرتکیان دەکەیت بە فارسی ؟ خۆ فارس ستانێک لە ستانەکانی میدیا بووە و لە دوای میدیا هاتووەتە سەر شانۆ . ئەوجا کە وشەی عارەبی و کلدانی لە زمانی فارسیدا چەند ئەوەندەی ئەوانەی لە کوردیدان، بە ئەو مەنتیقە دەبێت زمانی‌فارسەکان گۆڕابێت و، بە ئەوهەمووە عارەبی و کلدانییە تێدا لە کوردییەکەی دوورکەوتبێتەوە . من لێرەدا تەنیا "مەنتیق"ی گارزۆنی هەڵدەسەنگێنم و، دووریی لە

تێگەیشتنی دنیای مێژووی پەرسەندنی زمانەکان و،گۆترەکاریی حوکمی دەبینم وهیچی تر. گارزۆنی نوختەکانی پیتیعارەبی و ئیشارەتەکانی سەر و ژێریشی خستوونەتە یەک ریزەوە و، پاراگرافیکی ئاڵۆزی بە زمانی لاتین لەو رووەوە بۆ نووسیون، کە من لە شوێنی خۆیدا روونیدەکەمەوە .

گارزۆنی، کوردستان لە پێنج ئەمارەتدا خولاسە دەکاتەوە و، باسی مەرکەزێکی گرنگی مەسیحییەکانیش لە هەکاری دەکات، کەچی پێنج ئەمارەتەکەی باسیان دەکات هەکاری ناگرنەوە . وێناچێت گارزۆنی قەت هیچ شتێکی لە رەوشت و فەرهەنگی کۆمەڵگەی کورد بەشی ئەوەندە بە دڵ بووبێت کە ئیشارەتێکی پێ بکات .

کاتێکعەشیرەتیکوردان و ئاکاری میرانیان بە وەحشی باسدەکات، بە پێویستی نازانێت بەراوردێکیان بە دەرەبەگەکانی ئەوروپا بکات، بەنموونە بڵێت : بەڵام ئاغاکانی کوردان وەکو هێندێک لەوانەی ئێمە " Jus Primae Noctis مافی شەوی یەکەمی بووکی رەعیەتەکانیان" نیە .

شتێکی کە بە جیددی سەرنجی منی راکێشا، فەسڵی " ئاخافتنا بەین دوو ئاغا موسولمان" بوو، کە بە کوردی و وەرگێرانەکەی بە ئیتالی بۆ مەشقکردن نووسیوە، بە خۆم نەبوو زۆری پێپێکەنیم . دەبێت گارزۆنی بەوجۆرە کوردیی لەگەڵ خەڵکی ئامێدیدا گوتبێت و، دەبێت ئەوان دوای ئەوە لە نێوان خۆیاندا چ بەزمێکی خۆشی لاساکردنەوەیان لێ سازدابێت، لێرەدا بیرم بۆ کاک سەرداری نووسەری خۆشەویست دەچێت، ئەگەر ئەوە ببینێت، دەبێت ئیلهامی نووسینی چ ساتیرێکی بداتێت .

قامووسەکەشی، یا وشەنامەکەی، ئەوسا هەرکەڵکێکی بووبێت یا نەبووبێت، ئەمڕۆ ئیتر بەڕاستی هیچکەڵکێکی بۆ کەس تێدا نیە .

کتێبەکە، چاپیشی زۆر جوان نیە و، هەڵەی چاپی کەم نین . هەرچەندە دوولاپەڕەی بۆ لیستی هەڵەی چاپی وشە کوردییەکان و راستکردنەوەیان وێخستووە، بەڵام هەڵەی چاپی لەوە پتر تێدا هەیە، هەڵە لە نووسینی ئیتالییەکەشدا - کە دەڵێت بە پێویستینەزانیوە راستیبکاتەوە- کەم نیە، تەنانەت هەڵە لە ژمارەی لاپەڕەکانیشدا هەیە : لەسەر لاپەڕە ١١١ نووسراوە ١١٣ و، لەسەر لاپەڕە ٢٠٤ نووسراوە ٢٠٨ .

بەڵام ئیدی لە رووی مێژوویەوە، کتێبی ئەوروپاییەکە کە پێش پتر لە ٢٣١ساڵ* لە رۆما چاپ کراوە و باسی کورد و کوردستان و زمان و رێزمانی کوردیی کردووە و، لە کتێبخانەدا شوێنێکیگرتووە، لەبەرئەوە، نابەجێ نابێت کە لێی ئاگادار بین و، شتێکمان لە کارەکەی بە کوردی لە کتێبخانە هەژارەکەی خۆماندا هەبێت.

تێبینی : هەرچی لە ناو ئەمجۆرە کەوانانەدایە : [ ]، چ ناوی" وەرگێڕ"ی بەدووەوە نووسرابێت و چ نەنووسرابێت، ئەوە روونکردنەوەی منە .

شێرکۆ هەژار

---

* تاریخی ١٧٨٧ لەسەر بەرگی ئەم نوسخەیەی کتێبەکە هەیە، بەڵام بەگوێرەی سەنەدێکی ١٧٨٦ی کە لە کۆتایی کتێبەکەدایە، ئەمە چاپی یەکەمی نیە .

GRAMMATICA
E VOCABOLARIO
DELLA
LINGUA KURDA

COMPOSTI

DAL P. MAURIZIO GARZONI

De' Predicatori Ex-Missionario Apostolico

ROMA MDCCLXXXVII.

Nella Stamperia della Sacra Congregazione
di Propaganda Fide

CON LICENZA DE' SUPERIORI.

زمـانـی کـوردی، هێشتا لە ئـەوروپا نـەناسراوە، زمانێکە ناخۆش نایەتە بەرگوێ، هی ئـەو وڵاتەیە کە پێیدەڵێن کـوردسـتان، کە لە نـاو سـنوورەکانی میسـۆپـۆتامیا و ئێرانـ (Persia)دایە . بە ئەسڵ لە فارسییەوە هاتووە و بە تێپەڕینی ڕۆژگار شێواوە : زۆر وشـەیعارەبیی وەرگرتوون و، وشـە و عیبارەتی تری کلدانییش، کە بەوە ئیتر چـەند سەدەیەکە بووە بە زمانێکی بە تەواوی لەوانی تر جیاواز و ناوێکیخۆی وەرگرتووە . وڵاتەکە، بە درێژی، ڕێگای نیزیکەیبیستوپێنج ڕۆژ و بە پانی نیزیکەی دە ڕۆژە . بە پێنج ئەمارەتی گەورەی مسوڵمانـ(Maomettani محەممەدی)ی تابیعی سـەردەرانەی عوسمانی دابەشدەبێت و، هێندێکیشیان هێندێک جار تابیعی فارسـەکانن i Persiani . ئەوانە بریتین لە : ئەمارەتی Betlis بەتلیس؛ ئەمارەتی Gezira جەزیرە، کە هێندێک جوغرافیاناس پێیدەڵێن دەوڵەتی پـادشـایی بـۆتـانییەکان؛ ئەمارەتی Amadía عمادیـە [ئامێدی]؛ ئەمارەتیGiulamerk جولەمەرک؛ ئەمارەتیKaraciolanقەرەچۆلان(١)

---

(١) هـەرچەندە بەشێکیش نین لە کوردسـتان، دەکرێت : چیای سـەنجار Sangiár ی نێوان مووسـڵ و ڕووبـاری خابـوورKabúr یش بخەینە سەر ئەوانە، کە خـەڵکەکەی یـەزیدین و هیچ زمانێکی تری جگە لە کوردییان نیە (قەومێکی وەحشی Nazione barbari لای کاروانیگەورە ناسراون، کە یەزیدی نیزیکەیهەموو ساڵێک ڕووتیان دەکەن) و پشت دەشتی زۆری نێوان مووسـڵ، نیسیبی Nisibi و ئورفەش کە قەومانی کوردی شەڕکەریان لێ دەژین .

[قەڵاچوالان] . هەر یەکێک لەوانە دەتوانێت لەشکرێکی دوازدەهەزار شەڕکەر یا پتر-یشی هەبێت . ئەمارەتی قەرەچۆلان گەورەترین و بەهێزترینەکەیانە، چونکە لە دوای ١٧٦٠، بە یارمەتیی پاشای‌بەغدا،ئەوەی Koi Sangiak"کۆی‌سەنجاک"یشی وێخراوە کە خەڵکەکە پێی‌دەڵێن"سۆران". بەڵام نەجیبزادەترینەکەیان ئەوەی‌عمادیەیە،کە زنجیرەی نەژادی میرەکانیان دەچێتەوە سەر ئەو فەرمانڕەوایانەی‌کۆنی کە پێیان‌گوتراوە "خەلیفەی بەغدا". وەکو ئەوانەی" جولەمەرک"یش، کە دوو برا بوون، بە ئەوەندەی کە لە شوێنەواری یادگار و کێڵی‌گۆڕی باو و باپیرانیانەوە دەبینرێت، دیارە لە پێش پترلە پێنج سەدەوە لە کوردستان نیشتەجێ‌بوون . کاتێک بتەوێت لە کوردێک بزانیت هی کام ئەمارەتە، بەمجۆرە وشانە باسی خۆی دەکات : ئەوانەی ئەمارەتی قەرەچۆلان دەڵێن : سۆران (ئەوانەی تەنیا هەر بە کوردی قسەدەکەن وا دەڵێن، ئەوانی تر بە تورکی دەڵێن : بابان)؛ ئەوانەی عمادیە دەڵێن : Badinan بادینان ؛ ئەوانەی جولەمەرک دەڵێن Sciámbo شامبۆ؛ئەوانەی جەزیرە دەڵێن : Bottán بۆتان؛ ئەوانەی بەتلیس هەر دەڵێن : بەتلیسی . ئەوانە لە قسەکردندا، بەهێندێک‌عیبارەت و دەنگی ئەدایان لێک‌جیادەکرێنەوە، هەر وەکو لە دۆخی ویلایەتەکانی ئیتالیاشدا ئەوە هەیە . بەهەرحاڵ، پاکترینەکەیان ئەوەی‌عمادیەیە کە من لەم کارەی ئێرەمدا بەکاری‌دەهێنم .

کوردەواری،هەمووی چیای ئێجگار زۆر بەرزە،چیایانی کە پێوەندییان بە" تۆرۆس"ـەوە هەیە، بە شێوی ئێجگار زۆر جوانی بە پیت بۆ میوە و چەڵتووک . چیاکانیان بە تایبەتی مازووی زۆر چاکیان زۆر هەیە، کە بازرگانانی بێگانە بازرگانییەکی زۆری پێ دەکەن،

لە ئاسیای‌بچووکەوە دەبیەنە سووریا Soria، حەڵەب و، دوای ئەوە بۆ ئەوروپا . مەڕ و بزنی زۆر چاکیشیان لە مێرگە زۆر چاکەکانیاندا زۆر هەن، کە سەرچاوەی زۆرترینی داهاتن . پێدەشتەکان، چ لە بەشی ئێران و چ لە بەشی میسۆپۆتامیا، بۆ گەنم، کەتان، پەموو، کونجی، ئەوپەڕی بە پیتن .

فەرمانڕەوایی‌کردنی میرەکانیان وا نیە کە هەمیشە لە باوکەوە بە میرات بە کوڕی‌بگات، بەڵام کەسێک کە لە هەمان بنەماڵەدا بەهێزترین بێت، دوای مەرگی میر جێگای دەگر-ێتەوە . ئەو کەسەش قەت هەر وا ئەو جێگایە ناگرێتەوە مەگەر دوای زۆر شەڕان و، خیانەتانی ئەو خەڵکە وەحشی popoli barbari وغەددارەی کە بە ئەوەندە هۆزان دابەش بوون کە پێیان‌دەڵێن "Assiréta " [عەشیرەت] و، کە لەشکرەکانیان لەوانن [لێرەشدا گارزۆنی کە"ا"یەک وەدوو وشەی‌عەشیرەت دەخات، مانای ئەوەیە کاتێک لە خەڵکی بیستووە گوتوویانە "عەشیرەتا فلان"، نەیزانیوە کە ئەو " ا "یە بۆ ئیزافەیە و بە بەشێک لە وشەکەی وەرگرتووە]. هەرعەشیرەتە و سەرۆکی خۆی هەیە، کە لای میر دەوری هەیە . زۆر وادەبێت، ئەو عەشیرەتانە لە میری خۆیان یاخی دەبن و، بە شەڕ ڕووبەڕووی دەبنەوە و، ئەگەر بە سەرکەوتن شادببن ئەوا میر لا دەدەن و، میرێکی تر دەهێننە سەر حوکم، بەڵام میر هەمیشە لە هەمان بنەماڵە دەبێت .

لەو ئەمارەتانەدا، زۆر مەسیحی، بە ژمارە پتر لە سەدهەزار هەن . بەشی زۆریان نەستورین و، بە دوو پاتریارکی دابەش‌دەبن . یەکێک لە پاتریارکەکان لەKocianisi کۆچانیسی‌ی نیزیکی جولەمەرکە، کە هەر بە Mar Simon مارسیمۆن ناودەبرێت و،

پێنج" ئوسقوفیپاریدەدەر"ی هەن [قۆچانیس>قودشانیس= پیرۆز؟، گوندێکە لە هەکاری، لە سەدەی حەڤدەوە تا ١٩١٥ یا بەرەسمی ١٩١٨ مەرکەزی پاتریارکیی ئاسوورییەکان بووە، ئێستا ناوی لە ئیدارەی کۆماریتورکیادا کراوە بە : کۆناک - وەرگێڕ] . ئەوەکەی تر لە دێرێک دەژی پێیدەڵێن Raban Ormes [رەبەن هرمز]، واتا رەبەن ئۆرمیزدا [ئۆرمیزدا ناوی پاپێکی کاتۆلیکی ئیتالیایی سەدەی ٦یش بووە - وەرگێڕ]، لە نیزیکی " ئەلقوش"ی شوێنی کورسیی پاتریارکی، کە هەر پێیدەڵێنMar Elia مار ئێلیا [ئێستا وێرانەیەکە - وەرگێڕ] . دەسەڵاتی کلیسایی ئەم پاتریارکە، لەوەی لە چوارئەمارەتەکەی تری کوردستان بەولاوە، هەموو میسۆپۆتامیا دەگرێتەوە(جگە لە دیاربەکر و ماردین)و، دوو ستانیئێرانیش بە سێزدە" ئوسقوفی پاریدەدەر"ەوە (١). زۆر ئەرمەنیش هەن . ئەم مەسیحییانە ئەوەندە نەزانن، کە کەشەکانیان، بەگشتی بڵێین، بەحاڵ دەزانن بخوێننەوە و، کەمێکیان بنووسن و، لە نەتیجەدا، لە نەزانیی خۆیان، لە بیدعەت و لە قەباحەتاندا نقوم دەبن . ئەوەندەی من توانیومە لێبکۆڵمەوە،هیچ بڵاوکەرەوەیەکی مەسیحییەت لە رۆژگا-ری رابردوودا لەم وڵاتە وەحشییانەدا جێگیر نەبووە و، ئەگەر کەسێک بە رێکەوت بە

---

(١) وەزیفەی پاتریارکی و ئوسقوفی لای نەستورییەکان لە مامەوە بە میرات دەدرێت بە برازا یا بە نیزیکترینی خزمان لە نەژادی باوکەکە لە هەمان بنەماڵەدا . بەوجۆرە وادەبێت کەسێکی تەمەن دوازدە ساڵ وەزیفەی ئوسقوفی دەدرێتێ، وەک کە دوو جار لە سەردەمی ژیانی من لێرە روویداوە .

تێپەڕین چەند ڕۆژێک لێ مابێتەوە، ئەوا پێویستیکردووە لە ڕێگای دیلمانجێکەوە قسە بکات بێ ئەوە کە بتوانێت مەبەستی بۆ پێکبێت . یەکەم بڵاوکەرەوەی مەسیحییەت کە لە کوردستان مابێتەوە، " لێۆپۆلدۆ سۆلدینی"ی کەشەی ڕەبەنانی دۆمێنیکانی بووە، لە ساڵی ١٧٦٠ ـەوە و، تا ساڵی ١٧٧٩ی کۆتایی ژیانی لە زاخۆ ی قەڵەمڕەویی عمادیە بووە[ڕوەکناس و ریازیاتناس و بژیشکێکی خەڵکی ڤینیس بووە، ماوەیەک لە لوبنان بووە و ئەوجا چووەتە زاخۆ، لە لوبنان پێیانگوتووە " شێخ لێۆپۆلدۆ " و دەڵێن گوایا جۆرێک کەراماتی هەبووە و گۆڕەکەی لە زاخۆ مەزارە یا مەزار بووە ؟ -وەرگێڕ]. دووەم کەس من بووم، کە ساڵی ١٧٦٤ لە شاری مووسڵ دەرچووم و مووسڵم بۆ بڵاوکەرەوەکانی تری مەسیحییەتم بەجێهێشت(١) و چوومە عمادیە. نازانم بڵێم چەندە بەڕاستی زەحمەت بوو بە بێ یارمەتیی ڕێزمانێک یا کتێبێک فێری زمانێک ببم، چونکە کورد،بۆ نووسین،

---

(١) بۆ بڵاوکردنەوەی مەسیحییەت، کاپۆچینییەکان [لقیکی کاتولیک] کە ئێستا ئیتر لە مووسڵ نەمابوون، ئەمجارە کەشەیدۆمێنیکانی [لقیکیدەرویشییکاتولیک] ساڵی١٧٥٠ لە لایەن کۆڕی پرۆپاگەندەی پیرۆزەوە بۆ مووسڵ ڕەوانە کران . ئەوش ئەوە بوو کە بێنێدیتتۆی چاردەیەم [پاپ] بۆ ئەوە ملی بۆ داوای کەشەیەکی کاتولیکی کلدانی دا کە ناوی Kas Keder [قس قدیر؟] بوو و، لە دەست چەوساندنەوەی زۆری پاتریارکی نەستۆری لە مووسڵ رایکردبوو، یا لە ڕۆما خانەنشین بوو و تا کۆتایی ژیانی لەوێ بەسەربرد .

زمانی ئـەدەبیی فارسـی بەکاردەهێنن، کە کەسیان جگە لە خوێندەوارەکانیان نـایزانێت . مەسیحییەکان لەناویاندا کتێبیتایبەتی بە زمانیخۆیان بەکاردەهێنن، واتا : نەستۆرییەکان بە زمانی کلدانی، یەعقووبییەکان بە زمانی سریانیSiriana و، ئەرمەنەکان بە زمانی ئـەرمەنی . بـەڵام دەبێت هـەموویان کـوردی بزانن، چونکە ئـەوەیان نەک هەر تەنیا بۆ سـەودا و مامەڵە لەگەڵ مسوڵمانەکاندا پێویسـتە، بگرە هـەر بۆ نێوانیان لەگەڵ ئاغاکانی خۆشیاندا پێدەوێت(١). بە بیرکردنەوە لەو زەحمەتییانە و، بەوە کە من، بۆ ئەوەندەی کە ئەوروپاییەک دەتوانێت فێریببێت، زمانی کوردی باش فێربووم، پتر لە ١٨ساڵ تێکەڵی کـوردان بووم، بڕیارم دا، بۆ هاسانکاری بۆ کەسانی نوێی بـڵاوکەرەوەی مەسـیحییەت، کتێبێکی ڕێزمان و وشـەنامەی کـوردی دابنێم . بیری وەها کارێک، لە یـەکـەم لەحزەدا زۆری ترسـانـدم؛ بـەڵام بە زۆر بیرلێکردنەوە و، لێکدانـەوەی لە سـەری خـۆمدا و، ڕێکخستنی هـەموو حـاڵەتەکانی زمانی کوردی، لەدواییدا، دوای مانـدووبوونێکی زۆر، توانیم بگەمە بیری ئەوەی چۆن بناغەکانی ڕێزمانی کوردی دابڕێژم . ددان بەو حەقیقە-

---

(١) لە کوردسـتان، هەم مەسیحی و هەم جوو هەن کە هەر لە لەدایکبوونەوە ڕەعیەتی ئاغاوەتی مسـوڵمانن، ئاغاوەتی کە دەسـەڵاتیان بە سـەر ئەوانەدا هەیە و، جگە لە ڕێو-شـوێنی ژیانی ئاسـاییی، پارەیەکی دیارکراویان لێ داوادەکەن، وێڕای پێشکەشـی و، کار و، دەتوانن خێزان لەوانە بە خۆڕایی یا بە فرۆشتن، هەر وەک هەمیشە مڵکیان بن، بدەن بە کەسانێکی تر .

تەدا دەنێم کە ئەم ڕێزمانە، لە بەشەکانیدا، بێعەیب نیە، بەڵام پیاوانی ژیر لەوەدا دەمبەخشن کە من یەکەم کەسێکم بە بێ یارمەتیی هیچ کەسێک، بە بێ کتێبی ئەو زمانە، دەست بۆ ئەو کارە دەبەم، باسی دنیای ئەو زمانەی هێشتا نەناسراو، بە مەبەستی پەتیی یارمەتیدانی کەسانی داهاتووی بڵاوکردنەوەی مەسیحییەت دەخەمە بەرچاو . بەڵام هیچ کەسێکیش ناتوانێت نکوڵی لەوە بکات کە من بەم کارەم ڕێگای تەواوکردنیم بۆ ئەو کەسە خۆش کردووە کە دەبێت ڕۆژانێک ئەم زمانە بەکاربهێنێت . هەرچەندە ئەوە دڵخوازە کە بڵاوکەرەوەی مەسیحییەت زمانی تایبەتی مەسیحییەکانیان بزانن، بەڵام بەجێهێنانی وا هاسان نیە . فێربوونی ئەوە کاتێکی زۆری پێدەوێت و، ئەوە لە کاتیان بۆ ئەرکی ئیرشاد و هیدایەتی ئەو مەسیحییانە دەگرێت، کە بۆ ئەوە هەر ئەو زمانە کوردییەیان پێدەوێت کە زمانی گشتیی هەمووانە .

بەوە کە کوردستان ، وڵاتی لە نێوان سنوورەکانی ئێران و ژێر ئیمپراتۆریی عوسمانی، زۆرتر شوێنی شۆڕشانی جیاواز بووە، دەکرێت حاڵەتی دیارکراو باس بکەین چۆن بڵاوکەرەوەی مەسیحییەت ناچاربوون لەو شوێنانە بڕۆن و، چەند سەدەی بەسەرچووە تا لە تواناندا بووە سەرلەنوێ کەسانێکی تر بنێردرێنە ئەو شوێنانە . لەم حاڵەتەدا، ئەم کارەی من دەویسترێت و، یارمەتیی ئەوە دەدات " سەرەتا بنچینەییەکان"ی زمانی کوردیی جێیباس بەدەستەوە بێت، بێ ئەوە پێویست بکات کاتی زێدە بۆ ئەوە لەدەست بدرێت - وەک کە هەرکەسێک دەکرێت ئەوە بهێنێتە بەرچاوی .

ئیتر واسە، ئەمە مەبەستی من بووە و، بۆ ئەوە خۆم بۆ دانانی ڕێزمان و وشەنامەیەکی

کوردی - ئیتالی ماندووکردووه . تکا دەکەم، هەر دڵسۆزێکی میهرەبان کەمایەسییەکی تێدا ببینێت، کەسانێکی تر بتوانن چاکی بکەن . [وشەنامەکەی " ئیتالی- کوردی"یە، نەک کوردی- ئیتالی] .

کورد پیتی فارسی بەکاردەهێنن و، هەموو نووسینی گشتییان بە زمانی ئەدەبیی فارسی دەنووسن، بە جۆرێک کە ئەگەر لە رێگای خوێندەوارەکانیانەوە نەبێت ئەوا هیچ لە زمانی نووسراوەکان ناگەن، ئەو خوێندەوارانەیان کە ئەوە دەخوێنن تا بتوانن نانێکی بەحورمەت پەیدابکەن . لەهەموو دێیەک معاشێک دەدەن بە کەسێک بۆ ئەوە کە نەک هەر دەتوانێت فارسی بخوێنێتەوە، بگرە دەشتوانێت بۆیان وەربگێرێتە سەر زمانی کوردیش و، ئەو کەسە پێی‌دەڵێن " مەلا Mella " . ئەوە راستە کە نامەی نارەسمی، شیعر و گۆرانییان بە زمانی خۆیانن، بەڵام بۆ نووسین، بە پیتی فارسییان دەنووسن . بۆ کەڵکی ئەو کەسەی دەیکات یا دەیەوێت فێری خوێندنەوەی فارسی و عارەبی بە دوودا ببێت، نامیلکەی چاپکراوی " کۆڕی پڕۆپاگەندەی پیرۆز "ی ساڵی ١٦٣٣ هەیە . زمانی کوردی، زۆری لەو دوو زمانە تێدایە . بەڵام مەبەستی من، وەک لە پێشەکییەکەدا گوتم، ئەوەیە کە ئەم رێزمانە زۆرتر بۆ ئەو بڵاوکەرەوانەی مەسیحییەت دابنێم کە هیچ لەو زمانانەی‌باسکراو ئاگادار نین و، دەشبێت لەو وڵاتانە کاربکەن، لەبەر ئەوە بە پیتی ئیتالیی دەنووسم، کە دیارە ئەوەش پیتەکانی دەنگی قوڕگی و ئیتریشی تێدا نیە . بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەمایەسییە، پێویستە بۆ روونکردنەوە چەند ئیشارەتێک لەسەر پیتەکانمان دابنێم، بەو مەبەستە کە بەوشێوەیە خوێندنەوەکەیان وەکو کوردییەکەی دەربچێت . ئیشارەتەکان بەمجۆرە کاردەکەن :

Ā وا خەتێک بەسەرەوە، بۆ دەنگی قوڕگیی وەکو ئەوەیعارەبیی پیتەکە[عا، عە].

C̈ وا دوو نوختە بەسەرەوە بۆ" G " ی نەرم [ج] .

D̈ وا دوو نوختە بەسەرەوە بۆ " د"یەکی کەمێک لە نێوان ددانانەوە دەرچێت .

G̈ وا دوو نوختە بەسەرەوە ، هەمان وەک " C̈ " [ج، بەڵام بە بێ دوونوختەشی

لەسەر بۆ"ج" بەکارهێناوە:Pengiah پەنجاهـ، کە G بەگوێرەی ڕێنووسی

ئیتالی ئەگەر e یا i ی بەدوودا بێت بە ج دەخوێندرێتەوە؛بۆچی سێ پیت بۆ ج؟] .

Gh وەکو G ی ئیتالیی Ga,Go,Gu [گـ] .

G̅H̅ وا یەک خەت بەسەر هەرتکیانەوە، بۆ دەنگی قوڕگیی وەک "غەین"ی عارەبی

[غ] .

K̅ وا خەتێک بە سەرەوە بۆ دەنگی کەمێک قوڕگیی وەکو" قاف"یعارەبی [بەڵام

گارزۆنی هەم K و هەم K̅ ی بۆ" ق "و بۆ"خ " و بۆ" کـ"یش بەکارهێناوە،

بە نموونە : K̅aim قایم، K̅vrma خورما، bokolum بکۆڵم، kabul

قەبوول، Zako زاخۆ ، Kurmáng̈ کورمانج] .

H بەدووی پیتی دەنگدارەوە بۆ ئەوەیە کە پیتە دەنگدارەکە بە هەناسەکێشانەوە

بگوترێت.

HH بەوجۆرە بەدووی پیتی دەنگدارەوە بۆ ئەوەیە کە پیتە دەنگدارەکە بە دەنگی

قووڵی قوڕگی و نیمچە هەناسەکێشانەوە بگوترێت، وەکو Ha ی عارەبی،

کە گوتنی بۆ ئیتالییان هەرە زەحمەتە، ئەوەیە کە پیتیهەشتەمی ئەلف-بێی

فارسییە[ح] .

Sc یا " شین"ی عارەبی، وەکو ئیتالییەکەیە بـەڵام بەدووی A, O, V یشەوە هەر بە " ش " دەخوێندرێتەوە [ئەوە لە ئیتالیدا هەر ئـەگـەر e یا i ی بەدوودا بێت بە " ش" دەخـوێندرێتەوە، بـەڵام گارزۆنی وادەبێت " ش" هـەر بە S دەنووسـێت : Pasi پاشی]، چونکە ئـەگەر بمەوێت بە کـوردی بنووسم " سکالا"، دەنووسم : Skala [ئـەو قسـەیە بـەڵێ کە K لە ئەلف-بێ ی ئیتالیدا نیە و نـاچارە دەنگی " ک" ی دوای " س" وەها بنووسێت، هـەرچەندە نـووسـینی ئیتالی چـارەی بـۆ ئەو کێشـەیە هەیە، لێرەدا " ک" بە " ch" دەنووسـێت و، وشـەی غـەیرە ئیتالی بە پیتی تری لاتین وەکو خۆی دەنووسێت، بەنمونە: whisky، بەڵام گارزۆنی " کـورد" و " کـوردسـتان"ی بە ئیتالییەکەش لە هـەمـوو کتێبەکەیدا و لە نـاوی کتێبەکەشـیدا بۆ کـەشە ئیتالییەکان هـەر بە K نووسیوە؛ ئەگەر ئەوەی بە وشەی بێگانە وەها وەرگرتبێت بۆچی لە وشـەنامەکەیدا Curdo ی نووسـیوە ؟ - کە لەوێشدا کوردییەکەی بەرانبەری هەر بە K نووسیوە].

Ť وا دوو نوختە بەسەرەوە بۆ ئەوەیە کە کەمێک لە نێوان ددانەکانەوە بگوترێت.

U وەکو ئەوەکەی ئێمەیە [وەکو ئیتالییەکە، وەکو لاتینی کوردی باکوور] .

V بە پیتی بێدەنگ، گـوتنەکەی لە نێوان O و U دا دەبێت، بـەڵام کاتێک وا بە پیتی بێدەنگ دوا پیتی وشـە بێت و نیوە بڕگـە(سـیلاب)ێک بێـت، دەبێـت بە لێـوی ژێـرەوە هێـنان بۆ ددانـەکان بگوتـرێت، کە دەبێـتـە نیزیکـەی نیمچـە Uیـەک،

بە نموونە : De,v دەڤ - واتا دەم، Le,v لێڤ - واتا لێو [ڤ، بەڵام ئەوە لە جیاتی u یش بەکاردەهێنێت : kvzi خوزی بە مانای خۆزیا، خۆزگە - بە kvži و kuziیشی دەنوسێت. دوو جار ئەو پیتە vv بۆ"و "W" بەکاردەهێنیت].

Ẍ وا دوو نوختە بەسەرەوە،دەبێت لە نێوان" X کس" و " Z ز"ی ئێمە بگوترێت [ژ، بەڵام وادەبێت z بۆ " ژ "بەکاردەهێنێت : az bezium ئەز بێژم] .

Z̈ وا دوو نوختە بەسەرەوە، شتێک لە S و لە Z بە نەرمی، وەکو صادی عارەبی و ضادیش[بەنموونە دەنووسێت : raži رازی، وادیارە لە ژێرئەسیری نووسینی فارسیدا ئەوەی بە پێویست دیتووە] .

, ئەم ئیشارەتە لە دووی پیتی بێدەنگی سەرەتای وشە بۆ ئەوەیە کە ئەو پیتە وا بخوێندرێتەوە وەک کە سەربەخۆ بێت، وەک برگەیەکی بەجیا بێت، بە نموونە : T,vem بە کوردی واتا " Amo " [I love]، دەبێت وەکو Tevem بخوێندرێتەوە [دڤێم، دەمەوێت] .

بەڵام حەتمەن هیچ ئیتالییەک، ئەگەر مەشقێکی زۆر نەکات و، قسە بەو زمانانە لەگەڵ خاوەن زمانەکان نەکات، ناتوانێت زمانە رۆژهەڵاتییەکان، عارەبی، فارسی، کلدانی و ئیدی باش بڵێت . من دەتوانم زۆر بە ئەمانەت ئەزموونی خۆم لەوەی خۆم دیتوومە بڵێم، کە زۆر کەم ئەوروپایی هەن کە دوای ئەوش چاک فێری خوێندنەوە و نووسین بەو زمانانە دەبن،بە قسەکردنیان نەناسرێنەوە کە بێگانەن- دیارە بێلەوانەی کە لە منداڵییەوە

چوونەتە رۆژهەڵات . بەو ئەندێشەیە لێرەدا ئەلف بێ ی باسکراو پێشکەش دەکەم، ئەوجا دەچمە سەر باسی رێزمانەکە .

[ئەلف-بێ ی فارسی و پیتانێکی بە ناوی لاتینەکەی بەرانبەری لە سێ لاپەڕەی دوای ئەمەدا دەخاتە بەرچاو : " با خط فارسی، با خط فرانکی لاتین"، کە لەگەڵ ئەم قسانەی ئێرەیدا رێک نایەنەوە . بەنموونە : تێدا - بە شێوەی نووسینی تورکیی‌عوسمانی – سێ نوختەی خستووەتە سەر ک : " ڭ" و بەوە کردوویە بە " گ" (لە مەغریب وەهایە، لای عوسمانییەکان جۆرێک دەنگی ng بووە)، لە کاتێکدا کە gh ی بۆ " گ " داناوە؛ لامئەلفلا شی بە شێوەیەکی وەک"لا" نووسیوە، نەک لا . ئەوجا رێک بە دووی لیستی ئەو ئەلف-بێیەدا، پاراگرافێکی ئاڵۆزی بە زمانی لاتین نووسیوە . من وێنەی هەر سێ لاپەڕە لێرەدا بڵاو دەکەمەوە، دوای ئەوە وەرگێڕانی پاراگرافە لاتینەکە بە کوردی و، روونی‌دەکەمەوە دەیەوێت بەوە چی بڵێت، ئەوجا درێژە بە وەرگێڕانی ئیتالییەکە دەدەم - وەرگێڕ] .

ALPHABETUM PERSICUM

	Latinum.			Persicum.		
	باخا فرانکی لاتین			باخا فارسی		
1	A	a	alif	الیف	ا	١
2	B	b	be	به	ب	
3	P	p	pe	په	پ	٣
4	T	t	te	ته	ت	٤
5	T̂	t̂	t̂e	ثه	ث	٥
6	G	g	gim	جیم	ج	٦
7	G	g	ge	چه	چ	٧
8	Ḫ	ḫ	ḫe	حه	ح	٨
9	Ẋ	ẋ	ẋe	خه	خ	٩
10	D	d	dal	دال	د	١٠
11	Ḋ	ḋ	ḋal	ذال	ذ	١١
12	R	r	re	ره	ر	١٢

Latinum.			Persicum.		
13	Żʒ̇ żʒ̇	że że	زه	ز	١٣
14	Żʒ̂ ʒ̂ʒ̇	ʒ̂e ʒe	ژه	ژ	١٤
15	S ſ	ſin	سين	س	١٥
16	X̂ x̂	x̂in	شين	ش	١٦
17	Sʒ sʒ	sʒad	صاد	ص	١٧
18	Ṡʒ ṡʒ	ṡʒad	ضاد	ض	١٨
19	Ъ ъ	ъa	طا	ط	١٩
20	Ъ̇ ъ̇	ъ̇a	ظا	ظ	٢٠
21	Ꞛ a	ain	عين	ع	٢١
22	Ġ ġ	ġain	غين	غ	٢٢
23	F f	fe	فه	ف	٢٣
24	Q̈ q̈	q̈af	قاف	ق	٢٤
25	K k	kaf	كاف	ك	٢٥
26	K̂ k̂	k̂af	گاف	گ	٢٦

27

Latinum.			Persicum.
27 L	l	lam	٢٧ ل لام
28 M	m	mim	٢٨ م میم
29 N	n	nun	٢٩ ن نون
30 H	h	he	٣٠ ه هو
31 V	u	vau	٣١ و واو
		lamalif la	لام الیف لا
32 I	i	ie	٣٢ ی یه

DE NUMERO, ET FIGURA PUNCTORUM, SIGNORUM, AC LITTERARUM.

Punctorum genera, quibus figurae litterarum utriusque hujus Persici alphabeti multiplicantur; sunt tria: motiones Arabum, quæ vices vocalium gerunt, tres; sed harum motionum figurae duae, signa quinque, figurae litterarum Arabum XVII. tantum; sed per illa tria puncta, sive tres notas, usque ad XXXII. multiplicantur. Similiter ad Persarum, Arabumque prorsus imitationem etiam figurae Latinae praesentis alphabeti multiplicantur.

Figurae supra litteram

ٔ ـ ـ ٓ ٠ ٖ ٗ ٛ ٠٠ ٗ

Subtus litteram

ٍ ٜ ٠٠ ٍ

NU-

[وەرگێڕانی دەقی پاراگرافە لاتینەکە بە کوردی]

« ژمارە، شکڵەکانی نوختەسازی، ئیشارەتەکان، و پیتەکان

جۆرەکانی نوختەی کە پیتەکانی فارسیی پێ زیاد دەبن، سێن : بزووتنەکانیعارەبی، کە کاری پیتە دەنگدارەکان دەکەن، سێ؛ بەڵام ئەو بزووتنانە بە دوو شێوەن : پێنج ئیشارەت، تەنیا ١٧ شکڵی پیتی عارەبی پێکدەهێنن؛ بەڵام لە ڕێگای ئەو سێ نوختەیەوە، یا سێ ئیشارەتەوە، پیتەکان دەبن بە ٣٢ . بە هەمان شێوەی فارسی و عارەبی، بە لاساکردنەوەیەکی تەواو، شکڵەکانی ئەلف-بێی لاتینیش زیادبوون .

شکڵی سەری نوختەکان [illegible]

ئەوەی ژێر نوختەکان [illegible] » .

[گارزۆنی بەوە دەیەوێت بڵێت :

پیتی نووسینی فارسی، هەمان ئەوانەیعارەبین . نووسینیعارەبی، سێ جۆرەئیشارەتی هەن : یەک نوختە، دوو نوختە، سێ نوختە؛ وەکو : ـنـ، ـتـ، ـثـ . پێنج ئیشارەتی سەر و ژێر و ... ئەوانەشی هەن . ئەو پیتانەی کە بە هۆی ئیشارەتی نوختەوە بوون بە پیتی جیاواز، لە عارەبیدا ١٤ دانەن، فارس " پ، چ، ژ"یان بە ژمارەی سێ نوختە لێ زیاد کردوون و کردوویانن بە ١٧و، بەوە هەمووی بووە بە ٣٢ پیت . پیتەکانی لاتینیش بە هەمان شێوە، بە لاساکردنەوەیەکی تەواو، بەوەندە پیت گەیشتوون .

تا ئێرە قسەی گارزۆنی . ئەوجا من دەڵێم :

نوختەی پیتیعارەبی وەکو نوختەی ئیشارەتی نووسینیعیبری نیە، ئەوەی عارەبی کە داهێنانیعارەبە، بووە بە بەشێک لە لەشی پیتەکە، لە ئەسڵەکانی فینیقی و ئارامی و لقەکانی تری ئارامی(عیبری و سانسکریت ... ئیدی)دا نەبووە و نیە ، سەرەتا لە عارەبییشدا نەبووە، کاتێک ئایەتەکانی قورئان لە دەمی پێغەمبەرەوە وەرگیراون و نووسراون هیچ نوختەیەکیان تێدا نەبووە ." أبوالأسودالدؤلی" ٦٠٣-٦٨٨، ئیشارەتەکانی سەر و ژێری" بە نوختە" داهێناون،دەڵێن لە سەر داوای ئیمامعەلی بووە تاکو رێگایەک بۆ خوێندنەوەی راستی قورئانی عارەبی بۆ ئەو ناعارەبانەی کە دەبوون بە مسوڵمان بدۆزرێتەوە . بەڵام داهێنانی پیتینوێ بە نوختە، ئەوەی گارزۆنی پێیدەڵێت سێ جۆر : یەک نوختە و دوو نوختە و سێ نوختە، کاری" نصر بن عاصم"(کۆچیدوایی : ٧٠٨؟) بووە ." نصر" شاگردێکی" الدؤلی" بووە و، گرنگیی تەئسیری نوختەی لە نووسیندا، لە مامۆستاکەیەوە سەرنجی راکێشاوە و، بڕیاری داوە کە بە نوختە زۆر لە ئەلف- بێ بە ئەسڵئارامییەکە بگۆڕێت و بەمجۆرەی لێکردووە . بەوە، دوو جۆرە نوختە کەوتوونەتە نووسینی عارەبییەوە : ئەوەی سەر و ژێر و ئەوەی پیتەکان، لەبەرئەوە نوختەکانی سەر و ژێریان بە رەنگی جیاواز نووسیون، تا " الخلیل بن أحمد الفراهیدي" ٧١٨-٧٨٦ نوختەکانی سەر و ژێری بەم ئیشارەتانە گۆڕیون کە ئێستا هەن و ئیتر نوختە هەر بۆ پیتەکان ماونەتەوە . بەو نوختانەی " بنعاصم" ئیدی زۆر لە پیتە بە ئەسڵ ئارامییەکان هەر پێویست نابن و، هێندێکی تری نوێی پێداویستیعارەبییشی پێ دروست دەبن . ئەوە کە دەڵێن(بە نموونە جرجی زیدان١٨٦١-١٩١٤) عارەب شەش پیتی" ثخذ ضظغ "یان

لە یەمەن وەرگرتوون و خستوونەتە سەر ٢٢پیتە ئارامییەکە، دیارە مەبەست لە"فکرە"ی داهێنانی پیتە بۆ ئەو شەش دەنگە، ئەینا پیتەکانخۆیان هەر مۆدێلێکیعارەبییانە لەهەمان پیتە ئارامییەکانن، ئەگەر نوختە لەو شەش پیتانەی لێیان زیادکردووە لابدەین دەبینین هەمان بە ئەسڵ ئارامییەکانن . بەنموونە : پیتی"خ" لە ئارامیدا نەبووە، هەمان"ح" بووە، وەکو عیبریی ئێستا، کە بە " ح "و" خ " یش خوێندراوەتەوە؛ " س " لە ئارامیدا یەک بازنە بووە، لە وشەی" سامک"، واتا : "کۆڵەکە"؛ " ش" سێ ددان بووە، سامییەکانی تر بە ددانیان گوتووە : شین، عارەب گوتوویانە : سن، عارەب سێ ددانەکەیان کردووە بە " س"، بە شێوەی عارەبیی وشەی ددان و، گوتوویانە ئەگەر سێ نوختەی لەسەر دابنێین دەبێت بە" ش". ئێستا عیبری هەمان یەک پیتی بۆ" س" و " ش" هەیە کە سێ ددانەکەیە و،ئیشارەتی جیاکردنەوەیانی بە شوێنی نوختەیەک "هەر بۆ کاتی پێویست"هەیە، بەڵام لە نووسینیئاساییدا، بڵێین لە رۆژنامە و گۆڤاردا ئەو نوختەیە نیە، خوێنەرخۆی بە گوێرەی شوێن جیایان دەکاتەوە، جەغزەکەشیان بۆ" س" هەر هەیە، لە کاتێکدا کە عارەب پێویستیان بەو جەغزەی بۆ س نیە . ئێمە تەنیا کاتێک دەکرێت بە نوختەی پیتیعارەبی بڵێین ئیشارەت، ئەگەر بەتەواوی پیتەکان بڵێین ئیشارەت، بەنموونە بڵێین: شکڵیسێددان ئیشارەتی دەنگی"س"یە، کە ئەوەش سنوور لە نێوان پیت و ئیشارەتدا ناهێڵێتەوە . ئەوجا من ئەو لاساکردنەوە تەواوەی لە دوا رستەیدا دەیڵێت، بە قسەیەکی سەیر دەبینم، چونکە کە تۆ- هەربەنموونە- سەیری پیتەکانی نووسینی هەرتک زمانی لاتین و ئیتالییەکەی ئەم کتێبەی گارزۆنیخۆی بکەیت، دەبینیت جگە لە یەک نوختەی سەرi تێدا نیە - وەرگێڕ] .

ژمارەی کوردی

هەمان ئەوانەی فارسین

یەکJek ، دو، سێهـSeh ، چارCiahr ، پێنج Penč ، شەش، هەفتAhft ،

هەشتAhst ، نەهـ، دەهـ، یانزدەهـ، دوانز دەهـDuanz dah ، سێز دەهـ،

چار دەهـ، پانز دەهـ، شانز دەهـ، هەفت دەهـ، هەشت دەهـ، نونزدەهـ، بیست .

بیست و یەک، بیست و دو، بیست و سێ، بیست و چار، بیست و پێنج،

بیست و شەش، بیست و هەفت، بیست و هەشت، بیست و نەهـ، سیSe ،

چلCehl ، پەنجاpengiah ، شێست، هەفتێAhfté ، هەشتێ، نودNud ،

سەدSad ، سەد و یەکSad u iek ، دو سەد، هەزار Ahzár .

سەرنج

"وU" ی دەنگدار بە ئامرازی پێوەندی دەکەوێتە نێوان دوو بەشی ژمارەیەک :

بیست"و"یەک .

" یەک "لەگەڵ ناودا وەدوودەکەوێت و نەرم دەگوترێت ـەکek /ێک :

ئەسپ -ئەسپێک، سەعات -سەعاتێک .

گەردان

گەردانی ئامرازی تەعریف

[گارزۆنی ئەو ناونیشانەی سەردێڕی وەها نووسیوە و، ئامرازیتەعریفی ئیتالی(وەک theی ئینگلیسی یا "الـ" یعارەبی) بە ئامرازی پێوەندیی ئیزافەی کوردی وەرگێڕاوە، بەنموونە بە " یا " ی " یا من " = هی من !] .

گەردانی ئامراز لە کوردیدا [بەرانبەر شەش دۆخی ئامرازی تەعریفی ئیتالی] بە تاک و کۆ بریتین لە : " ی، ئی"؛ " ئەژ، یا"؛ " ا، ئا"؛" ی، ئی"؛ " یا"؛ " ئەژ". بە وێنە : " یا من"(هی من)؛ " یـەک ئـەژ ئـونگۆ چێکێر"(یـەکێک لە ئێوە چێکـرد، کـردی).

تێبینی : " ئـا"ی داتیڤ لە گەڵ نـاوی ئـابستراکت وەلادەچێت و بە " ان " ێک وە دوو ناوەکە دەکەوێت، بەنموونە : ئـەز بـ‌چـووم کـەوان az b,çúm k̄aván (مەبەست چـوونە راوەکەو) [گارزۆنی لە مانالێدانەوەی ئیتالییەکەشیدا " کەوان" هـەر بە شێوەی کۆ دەڵێت pernici، نەک"کەو"ی تاکpernice، بەڵام بە بیریدا نەهاتووەکە دەکرێت " کەوان"ی کـوردیش هـەر زۆری کەو بێت]؛ نموونەیەکی تـر : ئـەز بـ‌چووم پەزان pažán، بە کوردی واتا : من دەچم بۆ(لای) مەڕە کێوییەکانpecore selvatiche [دەبێت وایان بەو مەڕە دووگدارانەی ئێمە گوتبێت؟] . وێنەیەکی تر لە دۆخی ئابلاتیڤ: " ئـەڤ شـۆغـۆل مێران، لاوان، ژەنان" ، واتا : ئـەمە کـاری پیاوان، جـەوانان، ژنانە. ئەو"ان"ـە لەجیاتی"اان !" چونکە دوو پیتی بزوێن بە دوو یەکەوە لە ناوێکدا دەبنە یەک

[مەبەست : یەکیان بۆ" کۆ"یە و ئەوەکەی تر بۆ دۆخی ئابلاتیف - بەڵام هەموو قسەکە هەڵەیە، چونکە ئەوە هەر ئابلاتیف نیە] .

کۆتایی ناو و ئاوەڵناو لە کوردیدا لە دۆخە جیاوازەکاندا گۆڕانی بەسەر نایەت : باب(باوک)، یا باب، ئا باب، ئۆ باب، ئیژ باب؛ " باب " هەر وەکوخۆی دەمێنێتەوە.

تێبینی : ناو و ئاوەڵناو لە کوردیدا، ئەگەر بە پیتیدەنگدار کۆتایی بێت، دەکرێت ئەو دوا پیتە دەنگدارە نەمێنێت، نموونە : ئەز ساخە(من ساغم) و دەکرێت بڵێیت : ئەز ساخ، ئەو"ـە "یە نەمێنێت . بەڵام ئەگەر ناو بە پیتی بێدەنگ کۆتایی بێت وسیفەتی بەدوودا بێت، یا راناو، یەکێک لە پیتەکانی"ئا،ئێ،ئی" دەکەوێتە نێوانەوە: بابێ منBabemen؛ دایکا من Daikamen؛ وشەیلێکدراو : مالیاڤا Maliavä . قانوونی گشتیی ئەمە بەمجۆرەیە : ئەگەر دوا پیتی وشەکە "ب" بێت، ئەوا " e ێ"ی بەدوودا دێت (بابێ من)، ئەگەر" ف"بێت ئەوا " e ێ "ی بەدوودا دێت، ئەگەر" ک "بێت ئەوا" a ا"ی بە دوودا دێت(دایکا من)، ئەگەر" ل"ی دوای دەنگدار بێت ئەوا " i ی، ئی "بەدوودا دێت[مالی من ؟!] و ئەگەر دوای پیتی بێدەنگ بێت ئەوا " ێ " دێت، لە دوای م " ێ" دێت؛ لە دوای ر" ێ " دێت، بەڵام " ر"یەکە کەمێک وەک ئەوەیە دووجار" ر" بێت . بەڵام لە پێناوی قافیەی دێری شیعردا دەکرێت هەر پیتێکی دەنگدار بەکاربێت و، تەنانەت پیتێکی دەنگداری زێدەشی پێوە بلکێندرێت .

[تەبیعی سەرتاسەر خەیاڵی گارزۆنی خۆیەتی و فڕی بەسەر زمانیکوردییەوە نیە، من لە پێشەکییەمدا باسم کردووە . گارزۆنی پتر لە هەژدە ساڵ لە بادینان بووە و بەشی

ئەوەندە لە کوردییەکەیان فێر نەبووە کە بزانێت"ێ"ی" بابێ من" بۆ ئیزافەی نێرینەیە و "ا" ی" دایکا من" بۆ مێیینە. دەڵێن : برایێ من، جیرانێ من(ئەگەر هاوسێکە نێر بێت)، خوشکا من، جیرانا من(ئەگەر هاوسێکە مێ بێت)، کەکێ من (کاکی من)، مالا من (ماڵی من)، جلێ من(جلی من)،زمانێکوردی، بەڵام : رێزمانا کوردی- وەرگێڕ].

پلەکانی بەراورد

ئەوانەش گۆڕینی کۆتایی وشەیان بەسەر نایەت، بەمجۆرەیە کە لەم نموونەیەدا هەیە : سپێی spéi واتا جوان[سپەهی]،" سپێی تەر" واتا جوانتر،" تەر سپێی" واتا جوانترین [ئەمەی لەکوێ هێناوە ؟!]؛" تەر" وە پاش دووەمەکە دەکەوێت و، وە پێش سێیەمەکە .

ناوی وەپاڵدراو

بۆ ناوی کە وە پاڵ ناوی کەسانێک، مەملەکەتانێک، یا شارانێک بدرێن :

ئەگەر دوا پیتەکەی بێدەنگ بێت،" i ی، ئی " وە دوو دەخرێت : عەجەم واتا ئێران [وڵاتی فارس]،عەجەمی واتا ئێرانی؛ بەغداد واتا بابل، بەغدادی واتا بابلی؛ مۆسول واتا مووسڵ، مۆسولی واتا مووسڵاوی . ئەگەر دوا پیتەکەی دەنگدار بێت ڤی vi ی وەدوو دەخرێت : زاخۆ، زاخۆڤی؛ ئاکرێ، ئاکرێڤی . بەڵام هێندێکجاریش وەکو تورکان " لی"یەکی وە دوو دەخەن : ستەمبول، ستەمبوللی؛ دیاربەکر، دیاربەکرلی؛ بەڵام ئەمەیان تەنیا بۆ شاران دەخوات کە حەز لە ناوی تورکی دەکەن .

٣٧

راناو

تاک : " ئەز" یا " مەن"،" تو" ،" ئەو " یا " ئەڤی" [وی/ئەوی/ئەڤی بۆ نێرینە و
وێ/ئەوێ/ئەڤێ بۆ مێیینە] .

کۆ : " ئەم Am "(لەگەڵ کرداری رابردوودووی سادەدا : مە Ma)،
" ئونگۆ Ungho " [وە]، " وان Vvan " [ئەو/ وان بەگوێرەی دۆخ و
شوێنی] .

تێبینی " : ئەز " لەگەڵ کرداری رابردووی سادەدا دەبێت بە " مەن Men"،
بە هەمان شێوە " تو "لە گەڵ رابردووی سادەدا دەبێت بە " تە Ta ".
راناوەکانی تر ناگۆڕێن.

دۆخەکانی راناو

	تاک	کۆ
نۆميناتيف :	ئەز / مەن	ئەمam
جێناتيف :	یا مەن	یا ماia má
داتيف :	ا/ئا مەنa Men	ئا ماa má
ئاکووزاتيف :	مەMe	ئەمam
ڤۆکاتيف :	ئەز	ئەمam
ئابلاتيف :	ئەژ مەنe ẍ men	ئەژ ماEẍ Má

["ا"ی " دایکا من " چۆن هی " داتیف"ـە ؟ ئەی لە" جێناتیف"دا دەبێت بڵێت " دایکیا

من" ؟ هیچی بەسەر هیچییەوە نیە].

کۆ	تاک	
ئونگۆ	تو (لەگەڵ کرداری رابرووی سادە : تەtá)	نۆميناتيف :
یا ئونگۆ	یا تە	جێناتيف :
ا/ئا ئونگۆ	ا/ئا تە	داتيف :
ئونگۆ	: تە	ئاکووزاتيف
ئونگۆ	تو	ڤۆکاتيف :
ئەژ ئونگۆ	ئەژ تە	ئابلاتيف :

کۆ	تاک	
ڤانvan	ئەو /ئەڤاau/ava	نۆميناتيف :
یا ڤان	یا ئەو	جێناتيف :
ا/ئا ڤان	ا/ئا ئەو	داتيف :
ڤان	: ئەو	ئاکووزاتيف
ڤان	: ئەو	ڤۆکاتيف
ئەژ ڤان	ئەژ ئەو	ئابلاتيف :

[گارزۆنی لێرەدا بە تەواوی سەری لێ شێواوە، لە بەرانبەرە ئیتالییەکەی ئەمانەدا دەنووسێت ... questo, questi,) کە بە ئینگلیسی دەبن بە (this, these,... . " ئەو، ئەوان" (he,she,it,they,...) ی لەگەڵ this, these,... "ئەمە، ئەمانە،..."دا لێ تێکەڵ بوون، راناو و ئامرازی ئیشارەتی بۆ جیانەکراونەتەوە] .

	تاک	کۆ
نۆميناتيڤ :	(questo) avi ئەڤی	vvanوان
جێناتيڤ :	یا ئەڤی	یا وان
داتيڤ :	ا/ئا ئەڤی	ا/ئا وان
ئاکووزاتيڤ :	ئەڤی	وان
ڤۆکاتيڤ :	ئەڤی	وان
ئابلاتيڤ :	ئەژ ئەڤی	ئەژ وان

تێبینی : هەرچەندە زۆرتر وایە کە ڤۆکاتیڤ[بانگکردن] بە بێ " ئەی... " [ئەی بابە ... ئەی برا] دەڵێن [بابە... برا]، بەڵام وا دەبێت دەڵێن : یا باب، یا دایک، یا عەزیز . ia āziz .

هەمان، هەمان شت

زمانی کوردی ئەوەی نیە . ئـەگـەر کـورد بیەوێت بڵێت : ئـەمـە و ئەوە هـەمان شـتن، دەڵێت : ئەو و ئەڤی یەک . ئەوەی کە لە ئیتالیدا دەڵێین "هەمان من "بە مانای من خۆم، لە کوردیدا لە باسی کەس یا لە ئابستراکتدا " خۆ"دەگوترێت : ئەز بـ ـخۆ (من خۆم)، تو بـ ـخۆ، ئەو بـ ـخۆ . بۆ "هەر لە خۆیەوە" ش دەڵین : ئەژ خۆ .

تێبینی : ئەم "خۆ"یە زۆر جار بە مانای :هی من، هی تۆ... ئیدی بەکاردێت، بەنموونە: " ئەڤ مەن چێکریا ئەژ عەقەڵێ خو " واتا :" ئەوە من کردوومە، بە زیرەکیی خۆم"، " ئەڤ تە چێکریا ئە ژعەقەڵێ خۆ"؛ یا : ahhk bedén e ẍ kissa Q̈o
" حەق بدەن ئە ژ کیسسا خۆ " " واتا: " پارە لە گیرفانی خۆیان بدەن " .

ئیدی : Idi زۆرتر وادەبێت" ki کی" وەدوودەخرێت " az t,vem iek k'idi ئـەز تـ ـڤێم یەک کـ ـیدی" واتا "من یەکی ترم دەوێت"، ئەوە بە ئیتالی دەبێت بە " من یەکێکم دەوێت کە شتی ترە"[بوختان!]، بەڵام بە مەشقکردنی زمانەکە مرۆڤ فێری دەبێت .

راناوانی وەرگیراو، ئەوانەی جنس(جێندەر، نێر و مێ)یان نیە

ئەو راناوانە کاتێ تەنیا بن کاری ئیزافە دەکەن، دەڵێن :

یا من، یا تە، یا ئەڤی، یا ما، یا ئونگو، یا وان.

کاتێک ئـەو رانـاوانە رەگەڵ نـاودا بن، " یا "یەکە دەپـەڕێت و، شـتێک وە دوو ناوەکە دەخرێت، بەمجۆرەی لێدێت: بابێمن، بابێتە، بابێ ئەڤی، بابێ مە، بابێ ئونگۆ، بابێ وان .

ئامرازی پێوەندی

کورد، بەوە کە جنس/ جێندەر لە زمانیاندا نیە،" کە "بە ئامرازیپێوەندی بەکاردەهێنن: " شـۆغۆل کە تو چێتکی " واتا ئەو کارەی کە تۆ دەیکەیت، ئەو زەن کە چۆ [چوو]، بەڵام کاتێک" کە "باسی شت بێت، دەڵێن " چێ "یا " چی" : "چی هەیا "؟ ئەڤ چیا ؟ ئەو" ا "یەی پشت"چیـ"هێزی ناویکرداری هەیە. کی بوو؟ واتا : کێ بوو؟ [گارزۆنی نەیزانیوە ئەو"ا"یە کردارە و،"کە"ی پێوەندی لە"چی"ی پرسیار بۆ جیانەکراوەتەوە] .

کردار

ناوی کردار

مەبەست لەو کردارانەیە کە بە بێ تەواوکردنی کرداری رستە، هـەر بە ناو یا ئاوەڵناو پێکـدێن، بە نموونە :

ئەز خۆلامێ تە، تو خولامێ مەن، ئەو خولامێ مەن.

ئەم خۆلامی تە، ئونگۆ خۆلامێ مەن، وان خۆلامێ مەن .[مەنMen مەبەست : من].

[" نـاوی کردار" مەبەستی لەوەیە کە بە ئینگلیسی پێیدەڵێن verbal noun، کە فرێ بەسەر ئەم نموونانەی ئێرەی ئەوەوە نیە].

وێنەی تری کە کردار تێدا لە ماناکەدایە

ئەز بریندار واتا من بریندارم، تە بریندار، ئەو بریندار .

ئەم بریندار، ئونگو بریندار، وان بریندار.

بەڵام جگە لەوە کە ئەگەر بە پرسیار لەدووی " کی" یەوە بێت، بەڵام ئەوسا دەبێت " ی"یەکە بکرێت بە دوو : یی؛ وەک لەم نموونەیەدا :

ئەز کییە ؟ تو کییە ؟ ئەو کییە ؟ ئەم کییە ؟ ئونگو کییە ؟ وان کییە ؟

[تەبیعی ئەمەش هیچی بە سەر هیچییەوە نیە، ئەو " کییە " هەمان کییێ ی qui est زمانی فەرەنسییە، دوا بەشەکەی کردارە : ئەزکیمە، تو کیی، ئەو کییە، ئەم/ هون/ ئەو کینە] . بەڵام هێندێک جاریش " هەیە" بۆ کەسی سێیەم بەکاردێت : فلان هەیە ماڵ ؟ واتا فڵانکەس لە ماڵە ؟ وەڵامەکەشی دەبێت بە [هەر بە ئیتالی la casa ha il tale [بە حەرفی : ماڵ هەیەتی فڵان = ماڵ فڵانی هەیە، بە کوردی واتا : فڵان لە ماڵە!] .

کرداری کاتی رابردووی بەردەوام : نیە

[هەیە، چۆن نیە ؟ من دکر، تە دکر، ئەو دکر ...]

کرداری کاتی رابردووی نیزیک

ئەز بوو، تو بوو، ئەو بوو، ئەم بوو، ئونگو بوو، وان بوو [!]

تێبینی : سەرنج بدە دەڵێن " ئەز" نەک مەن، "تو" نەک تە، چونکە کردارەکە بووەتە پاسیڤ وەک لە خوارەوە دەبینین .

کرداری کاتی رابردووی دوور

کورد ئەمەشیان نیە [هەیە، چۆن نیە ؟ من کربوو، تە کربوو، ئەو کربوو ...]، هەر رابردووی نیزیک بەکاردەهێنن و" کان" kan ێکی تێرادەکەن : ئەز کان بوو، تو کان بوو ... ئیدی، واتا من ببووم /بووبووم، تۆ ببوویت /بووبوویت .
[گارزۆنی دواتر دەڵێت ئەو" کان" ـە عارەبییە] .

کرداری کاتی داهاتوو

ئەز دێبووم az debúm ، تو دێبیت، ئەو/ ئەڤ av دێبیت، ئەم دێبوم، ئونگۆ دیبیت، وان دیبیت [!] [ئەز دێببم، تو دێببی ...] .

کرداری فەرمان

دێبیت Debit یا باشتر : Bit [!] .

مەرجی

بۆ کرداری مەرجیی کاتی رابردوو، هەر ئەوەیە کە یەکێک لە دوو وشە وە پێش کرداری رابردووی نیزیک دەکەوێت : ئەگەر egher و خوزی kužī ، نموونە :
" ئەگەر ئەز بووم " یا " خوزی ئەز بووم " واتا ئەگەر من بوومایە ... بەوجۆرە [!] .
بۆ " چاوگی کردار : " دۆخی کەسی سێیەمی رابردووی نیزیک بەکاردەهێنن [!] .

کرداری هەبوون [to have]

هەر یەک حاڵەتی هەیە و کردارەکە ناگۆڕێت و هەر بە راناو جیادەکرێتەوە، لە هەموو حاڵەتەکانی تری زمانیکوردیدا هەر ناویکردار بەکاردێنن، لەبەرئەوە بوو کە من هەر لە سەرەتاوە باسم کرد [ئەز خولامێ تە و ئەز بریندار، ئەوە چ کاری بەمە داوە ؟] .

کرداری خەبەریی کاتی ئێستا : ئەز هەیە az aia [!] ، تو هەیە، ئەو/ئەڤ av هەیە، ئەم هەیە، ئونگۆ هەیە، وان هەیە .

لە رابردووی نیزیک : نەک مەن بوو [بەرانبەر I have had ی ئینگلیسی!] کە بە ئیتالی واتا : لای من بوو؛ ئەوانی تریش : نەک تە بوو، نەک ئەوی / ئەڤی بوو، نەک مە بوو، نەک ئونگۆ بوو، نەک وان بوو .

کورد هەمانعیبارەت بۆ کرداری کاتی داهاتوو و کرداری مەرجی بەکاردەهێنن، بەڵام لە چاوگدا " هەیە "دەڵێن، جیاواز لە هەموو کردارەکانی تر کە دۆخی کەسی سێیەمی رابردووی نیزیک بەکاردێت، کە لێرەدا نیە، لەبەرئەوە نابێت گەردانی کردارانی کە دێن بە پێوانەی کردارانی تر بپێورێن [ئەمە وەرگێڕانی حەرفیی ئیتالییەکەیە، کە مەبەستی لە من روون نیە و، هیچ قسەیەکی کوردی بۆ ئەوە بە نموونەیەک نەهێناوە- تەوە] .

گەردانی کردار

گەردانی کرداری زمانی کوردی، بناغەکەی لەوەی کەسی یەکەمی کرداری خەبەریی کاتی ئێستایە . هەر کردارە لەوەدا بۆ سێ کەس جیادەکرێتەوە و، کەسی دووەم ئەگەر

به راناوەکەی نەبێت لە کەسی‌سێیەم جیاناکرێتەوە . کردار لە دۆخی رابردووی نیزیک یەک شکڵ وەردەگرن، بەڵام رەنگە بێ لەوانەی کە کەسی یەکەم تێدا بە "م"ی بێدەنگ کۆتایی دێت، بەڵام کە ئەوە بۆ دوو کەسەکەی تر نامێنێت . زمانی کوردی، جگە لە کرداری دۆخی " خەبەریی ئێستا " و" رابردووی نیزیک" و" فەرمان"، دۆخێکی تری کرداری نیە، مەگەر رەنگە کرداری " بوون"ی لێ دەرچێت کە دۆخی " داهاتوو" شی هەیە، وەک کە پێشتر باس‌کرا و، وا باشترە ئەوە لە کردارە پاسیڤەکان دابنرێت.

تێگەیشتنی باشتری هەموو ئەمە بە روونکردنەوەی شێوەکانی کردار دەبێت کە لێرەوە دەچمە سەر باس‌کردنیان، دەیانکەم بە سێ سنف : ئاکتیڤی سادە، لێکدراو، پاسیف . بە فێربوونی ئەوانە ئیتر تێگەیشتنی زمانی کوردی زەحمەت نابێت . کەواتە، بە گەردانی کرداری ئاکتیف دەست پێدەکەم .

گەردانی سنفی یەکەمی کرداران

کرداری " کردن "

پێم باش بوو بەو کردارە دەست‌پێبکەم چونکە ئەوە نەک هەر ئەوەیە کە پترین بەکاردێت، ئەوەشە کە کرداری لێکدراوی پێ دروست‌دەکرێت، کە بە تێگەیشتنی ئەوە ئیتر کلیل بۆ تێگەیشتنی زمانی کوردی بەدەستەوە دەبێت . بەڵام با ئاگاداری ئەوە بین کە تاک تێدا لە کۆ جیا نابێتەوە مەگەر بە راناو :

کاتی ئێستای خەبەری

ئەز چێ کێم ce Kém یا : کێم kem، تو چێ کێی یا : کێی، ئەو چێ کێت یا : کێت .

ئەم چێکێم cekem یا : کەم kem، ئونگو چێکێی یا : کێی، وان چێکەت یا کەت .

تێبینی : کاتێک ئەم کردارە لە نەرێنی/ نێگاتیڤدا نـەبێت، " ب " یا " ت" یەکی تێ ڕادە-کرێت، بـەڵام هـەر لە کاتی ئێسـتا و فـەرماندا، ئـەگەر بخرێتە کاتی ڕابـردووەوە دەبێتە قسەیەکی هیچ .

ئەز چێبەکەم az cebekem یا چێت کەم	ئەم چێبەکەم یا چێت کەم
تو چێبکەی tu cebkei یا چێت کێی cet kéi	ئونگو چێبکەی یا چێت کەی
ئەو چێبکەت یا چێت کەت	وان چێبکەت یا چێت کەت

سەرنج : ئامرازی" چێ " لە وشەی لێکدراودا - وەک دواتر لە شوێنی خۆیدا دەبینین - نامێنێت، بەڵام بەهەرحاڵ لە کرداری کاتی ئێستادا بەدەگمەن وادەبێت نەمێنێت .

[دەبێت گارزۆنی ئەو" چێ"یە بە یەکێک لە بەکارهێنانە جیاوازە زۆرەکانی" چیci"ی ئیتالیی بەبیردا هاتبێت؟! ئـەگەر لە ئیتالییەوە وەربگێڕین، ئەوا " ئێ" و" چێ " وەکو یـەک هـەر دەبن بە " هـەیـە"، لە کرداری بوون essere ؛ لەم بـەشـەی بەکارهێنانیدا دەبێتە هـەمان سێ c'est ی فـەرەنسـی، دوورنیە گارزۆنی" کـردن" و" چـێکـردن"ی کوردییەکەش بە شتێکی لەو بابەتە تێگەیشتبێت – وەرگێڕ] .

کاتی ڕابردووی بەردەوام

کورد، بۆ کاتی ڕابردووی بەردەوامی کە نییانە، وشەی عارەبیی" کان kan " بەکار-

دێنن، دەیخەنە پێش راناو لەگەڵ کرداری خـەبەریی کاتی ئێستادا :

کان ئەز چێبەکەم، کان تو چێبکەی، کان ئەو چێبکەت. [من دکر، تە دکر ...] .

کان ئەم چێبەکەم، کان ئونگۆ چێبکەی، کان وان چێبکەت .

کاتی رابردووی نیزیک

مەن چێکریە Men cekiria یا چێکێرcekér، تە چێکریە ta cekiria

یا چێکەرceker ، ئەو/ئەڤ چێکریە av cekiria یا چێکێر cekér .

ئەم چێکریە یا چێکێر، ئونگۆ چێکریە یا چێکێر، وان چێکریە یا چێکێر.

کاتی رابردووی دوور

زمانی کوردی ئەمەشـی نیە [هەیە، چۆن نیە ؟ من چێکربوو، تە چێکربوو...]، ئیتر لەجیاتی ئەوە، هەر"کان" دەخەنە پێش کاتی رابردووی نیزیک :

کان من چێکریە، کان تە چێکریە، کان ئەڤ/ئەو چێکریە.

کان ئەم چێکریە، کان ئونگۆ چێکریە، کان وان چێکریە.

کاتی داهاتوو

کورد کرداری کاتی داهـاتوویان نـیـە، هـەر کاتی ئێسـتای خەبەری بەکاردەهێنن و، لە ماناکەی یا لە ئاوەڵناوێکەوە مەبەست دەزانرێت، نموونە : ئـەگەر ئـەز چێبەکەم، وەکو ئەوەیە بە حەرفی بڵێین " ئەگەر دەکەم " بەڵام دیارە مەبەستەکە باسی داهاتووە .

[پێشتر گوتی هەیە : ئەز دێبووم az debúm... ئیدی . "چێبکەم " بە بێ ئەگەریش کرداری مەرجییە، کاتیئێستایخەبەری نیە، گارزۆنی تەنانەت ئەوەشی نەزانیوە] .

فەرمان

دارِشتنی فەرمان هاسانە، دوا سیلاب(بڕگە)ی کرداری کاتی ئێستای خەبەری بۆ ئەوە دەکرێت بە " a ا" : Cebka چێبکا /بکە، Cetka چێتکا /تکە.

تێبینی : لەو دارِشتنەی فەرمان بە گشتی بەوشێوەیە، بە گۆڕینی دوا بڕگەی کردارەکە بە "a ا"، ئەگەر کرداری تەنیا یەک سیلاب لە کرداری لێکدراو لاببرێت، ناچار هەر کردارەکەی کاتی ئێستای خەبەری بۆ فەرمان دەمێنێتەوە : ئەزێم واتا دێم و، جوانتر : ئەز بـێم، ئەز تـێم، تو تـێت؛ تو بـێی، تو تـێی؛ ئەو بـێت، ئەو تـێت . بەڵام لە " کۆ"دا هێندێک جار دوا پیتی بێدەنگ دەکەن بە" ن "، نموونە : تـێن، بەڵام تەنیا لە فەرمان یا لە ئابستراکتدا.

سەرنج بدە : نابێت vora و arra [وەرە و هەرە]ت لە گەرداندا لێ بشێوێن، ئەو دوو وشەیەی کە هەمیشە لە دەمی کورد دەردەچێت و لە هەر لەحزەیەکدا بە کەسێکی دەڵێن : وەرە، هەرە، بەڵام هەر لە ئەرێنیدا . لە نەرێنیدا دەچنەوە سەر کردارەکە : " نە ئێی " واتا مەیە، " نە چیا " واتا مەچۆ .

کرداری مەرجی

کورد کرداری مەرجییان نیە . لەجیاتی ئەوە، دوو ئاوەڵکرداری " ئەگەر egher" و " خوزی kuži " بەکاردەهێنن [ئاوەڵکردار؟!].

یەکەمیان بۆ کرداریکاتی ئێستا و رابردووی بەردەوام، کە ئەو دووانە لای ئەوان لێک جیا ناکرێنەوە و، بۆ کاتی رابردووی نیزیکیش .

دووەمەکەیان بۆ رابردووی دوور، وەک دەبینین :

ئەگەر ئەز چێبەکەم، ئەگەر تو چێبکێی، ئەگەر ئەو چێبکەت .

ئەگەر ئەم چێبەکەم، ئەگەر ئونگو چێبکێت، ئەگەر وان چێبکەت .

رابردووی نیزیک

ئەگەر مەن چێکریا، ئەگەر تە چێکریا، ئەگەر ئەو چێکریا .

ئەگەر ئەم چێکریا، ئەگەر ئونگو چێکریا، ئەگەر وان چێکریا .

رابردووی دوور

خوزی مەن چێکریا، خوزی تە چێکریا، خوزی ئەو چێکریا .

خوزی ئەم چێکریا، خوزی ئەنگو چێکریا، خوزی وان چێکریا .

کاتێک رابردووی دوور مەرجی بێت، وشەی عارەبیی " کان "ی بۆ بەکاردەهێنن :

کان ئەو مەن چێکریا ئەگەر ... کە دەبێت ئاگامان لە عیبارەتەکە بێت کە کورد زۆرتر ناوی ئاکوزاتیف (مفعول) دەخەنە پێش کردار.

بۆ کاتی داهاتوو، مەرجییان نیە، رابردووی نیزیک بەکاردێنن.

چاوگ و سوپینۆ

[supinum ی لاتین،وەک ئەوە کە لە کوردیدا چاوگ بە"ن" کۆتاییدێت:" هاتن"...]

بۆ چاوگ، زمانی کوردی کەسی سێیەمی رابرووی نیزیک بۆ کرداری سادە بەکار- دەهێنێت : " هندا چێکریا " واتا " ئەوەندە کردن" [مەبەست : زمانی کوردی وشەی چێکرن، کردن ی نیە !] .

[من لێره گەیشتوومەته کۆتایی لاپەڕه ٣٣ی کتێبەکەی گارزۆنی، دەبینم ئەم فەسڵەی باسی سەیری کردار تێدا بەمجۆره تا لاپەڕه ٤٨ درێژەی هەیه، که من هیچ کەڵکێک له تەواوکردنی وەرگێڕانیدا نابینم . پێم وایه هەر ئەوەندەی که تا ئێرەی لێم وەرگێڕاوه، به مشتێکی نموونەی خەڵوارێک لێ ئاگادار بین ڕەنگه بەس بێت . ئیتر واز له پازده لاپەڕەی داهاتووی دەهێنم و دەچمه لاپەڕه ٤٩ - وەرگێڕ] .

ئامرازی پێوەندی و ئاوەڵکردار

[گارزۆنی لێرەوه چەند لیستێکی وشه و زاراوەی ئیتالی و بەرانبەرەکەیان به کوردی دەدات . من وشه ئیتالییەکان دەکەم به ئینگلیسی و کوردییەکەی گارزۆنی به هەمان لاتینەکەی خۆی لا دەنووسم]

[مانای وشه ئیتالییەکه به ئینگلیسی]	[کوردییەکەی گارزۆنی]
Below, down	Nesif, Ben
Enough	Bess, Bessa
At beautiful post	P,kást
Accidentally,without having given occasion	Ex̆ q̃o,Tavék allah
Accidentalyy, suddenly	Ghaflét

ل٤٨

Now	Nuk, Vegháve
So that, in order that, or similar	Katera
Ahi	Ahi
Otherwise, if not	Egher ná
Otherwise, that is in another way	Gheir rengh
Also	Am
Yet	Ehz
Openly	Eskara
Just, hardly	Tene
Near	Nek
Very, very much	Ghalek, Káuvi
In Front, Forward	Ber, Ber aika
Although	Belȁ
Good	Kangia
Briefly, *that is* in one word, for soon	Jék kabar, Zu, beléz
Clearly	Kefsa
Certainly	Málúm, Be sck
That is	Iani

As, in what way	Ciáva
As, compared	Sibi, tamét
Comfortably, easily	Be zahhmi
Comfortably, *that is* to do with his convenience	Ahmda q̈o
with	Ghel
So	Enda, Aurengh,Vasána
So, optative	Kvž̈í
From, article	Eẍ
By,adverb,*that is to say* near	Nek
In front, Before	Ber, Ber aika
From which, Since	Pasi
From behind, on the opposite side, back	Pisct
Long since	Eẍ zamán, smésia
From now on	Eẍ era péva, ex nuk péva
Since then	Pasi, eẍ péva
Inside	zior
Behind, after	pasi
On the opposite side,(*corr.also*:after,back,behind)	Pisct

To follow one	Du
Over there	Lerva, au vialì
This way	Erva
Here and there	Erva lerva
Scattered here and there	Belává
Up,Upstairs	Ser
Below	Nesif
After	Pasi
Where	Kiva
Where is	Kane
Evereywhere	Ammo ard
Therefore (i.e. need)	Lazem
or they say: If it is so necessary	Egher au rengh lazem
Here(French: voici)	A A
And	U
Finally, in the end	Du maia, Pasi
Finally (expectation act)	Scuker q̈odé
They say : Thanks God	Alahhmd'allah

Till	Ahhtta
Till now	Ahhtta nuk
As long	Ahhtta
Perhaps	Belki
Between	Bein (pronounced one syllable)
Between, i.e. middle	Beiná
Out	Derva
Trouble	Vveh
In	Nek, Dangh
Back, Behind	Pasi
Untill	Ahhtta
In short	Beléz
Down	Nesif
There	Orva
Further on, later on	Orvétera
Here	Erva
More in here	Ervétera
Together	Pequa, Barabár

In vain	Be faida, Batál
Instead	Sciúna
Therein	Era
There	Lue
Liberally, i.d. without giving awe	Be kaida
Liberally, without flush	Be sciérma
Ma	Amma
Never	Ciúgiár
Less	Kima
A lot of	Ghelek
Neither (Ita. ne!)(né?)	Na
Necessarily	K̄ati lazem
Nothing	Ciú nina, Kvt
Not	Na, Nina
Or (separative particle)	Ia
Ouch (Ohi)	Ahi
Oboe	Lá lá
Further	Sbél, Gheir

So that	Eẍ av
Now	Nuk, veḡháve
Where (adv.)	Kiva
Where, (disapproval with admiration)	Iva Kiva
Everywhere	Ammo ard
For	Bu
(sometimes used in the junctions)	Pv
(when it means reason, cause)	Katera
On the other hand, for more	Laken, Mà
Why	Boccia, Boc̈
For now	Nuk, Veḡháve
More (quantity)	Ehz, Zeida, Peter
(comparison)	Ter (but as suffix to adjective)
Rather, to b ebetter	Ceter, Quóscter
Little (quantity)	Piciak, Endúska
(i.e.) lacking	Kima
Then	Pasi
Since, As	Pasi ke

Soon	Zú, Beléz
Here	Era, Venáve
Which, As (comparison)	Ciáva
Which (interrogative)	Ki
Any, Whatever	Ehr kibít (a phrase means : everybody that will be)
when	Kanghi
How much	Cián (monosyllable)
Although	Belá
Almost, just	Tene
Here	Era
If	Egher
Always,(*corr.also*:always,every,ehatever)	Ehr, Daiman
Without	Be
Forcedly	Koték
Yes	Aré
(speaking sivilly)	Belli
Till	Ahhtta

Untill when	Ahhtta Kanghi
Only	Bes, Tene
Above	Ser
Under, at bottom	Ben
Below, down	Nesif
Immediately	Zu
So and so (unnamed person)	Flán
Such (adverb)	Sibi, Tamét, Ciáva
(so)Much	Enda
Late	Drengha
Between	Bei,n (monosyllable)
Veh	Vveh, vvehi
Willingly	Eẍ Del (i.d.) from the heart)
From the heart	Ser sereq̈o (a kurdish phrase, lit. : on oneself's head)

كاتەكان

Year	Sali
Month	Mah, Aíf
Week	Ahftie
Day	Rvz
Hour	Sāat
Half an hour	Nif sāat
A quarter of an hour	Ciáhrék
Three quarters of an hour	Séh ciáhrék
Moment	Dakek
One moment	Iek Dakek

بەشەکانی رۆژ

Dawn	Spéda
Morning	Sabahh
Midday	Ni,vro , I,vro
Vespers	Ivári
Sunset	Anghori
One hour at night	Æsca

Night	Sciéf
Midnight	Nif Sciéf

ساڵەکان

Leap year	Sáli Kabisa
This year	Au sáli
Last year	Par
Two years ago	Perár
Three years ago	Peter perár
Four years ago	Ciáhr sáli bù .

ئیتر دوای ئەوە بەوجۆرە دەڕوات، ژمارەیەک هەمیشە پێشدەکەوێت .

The coming year	Sáli k'idí(واتا ساڵێکی تر)

ڕۆژەکان

Auro, Dui, Per, Pétera per, Ciáhr rvz ber ئەمڕۆ، دوێنێ،

پێری، بەسرپێری، بەر لە چوار ڕۆژ(ئیتر لێرەش وەکو ساڵەکان ژمارە بەکاردێن) :

Sobahh, Dv Sobahh, Seh sobahh, Ciáhr sobahh, Pasi penc rvz

سبە، دووسبە، سێسبە، چوارسبە، پاشی پێنج ڕۆژ.

رۆژەکانی حەفتە

بۆ رۆژەکانی حەفتە " شـەممە" دەکرێتە بنـاغە و: یەکەم شەممە، دووەم شەممە، سێیەم شەممە، چوارەم شەممە، پێنجەم شەممە، رۆژی هەینی ناوی تایبەتی خۆی هەیە :

Sciámbi, Iek Sciámbi, Du Sciámbi,Seh Sciámbi,Ciáhr Sciámbi, Penč Sciámbi, Inni.

ئـەم رۆژەی دوایـی بۆ مسـوڵمانان وەکـو یـەکشـەممـەیـە بۆ مـەسیحییان، پێشـیـدەڵێـن Gemmā[جمعە]، واتا یەکێتی/ وێکڕابوون، چونکە نیوەڕۆ لەسەریان واجبە(ئـەگەر عوزرێکی شەرعی نەبێت) کۆببنەوە و پێکەوە بە رەسمی نوێژ لە مزگەوت بکەن .

مانگەکان

Adár, Nisán, Ghulán, K̄azirán, Tirma, Tabák̄, Ilún, Ciria, Ciria pasi, Kanún picúk, Kanún mazén, Scuàt.

ئادار، نیسان- ئاپریل،گوڵان- مایس، خازیران[حەزیران]، تیرما- تەمووز، تاباخ- ئاب، ئیلوون - سێپتامبر،چریا - ئۆکتۆبر، چریا پاشی - نوامبر، کانوونپچووک - دیسامبر، کانوونمەزن - جانڤیە، شوات[شوبات].

چوار وەرزەکان

Bahr, Avíni, País, Zevestán.

چوار عونسورەکان

Ard, Ave, Ahuva, Agher/Aghri.

ئاسمان

Asman, Stéra, Ataf, Aif, Rvz ghairit, Aif ghairit.

ئاسمان، ئەستێرە، هەتاو، هەیڤ[مانگ]، رۆژ گیران، هەیڤ گیران .

لە حاڵی هەوا

Gherma; sara/ Sarmia; Avra; Sáii/ Safi; bà; Babelisk; Brusi; Denk a,ura; Barán; Bafer; Terk.

گەرما، سەرما، هەور، سایی، سافی، با، بابلیسک[گێژەڵووکە]، برووسکە، دەنگیهەور، باران، بەفر، تەرزە.

لەشی مرۆڤ

[لێرەدا کوردییەکەی گارزۆنی بە شێوەی خۆی دەنووسمەوە و ئیتالییەکەی بەرانبەری هەرچی بێت وەردەگێڕم] :

Merólvi, mér	مرۆڤ، مێرد
Zen	ژن

Suréta, scekel	شکڵ
Ru	دەموچاو
Ser	سەر(بە "ـە"یەکی نەرم!)
Perciá	پرچ، قژ
Mu	موو
Genik	ناوچەوان!
Berő	برۆ*
Mežulánk	پیلو*
Cia,v	چاو
Bibi	بیبیلە
Defn	لووت

[*نووسیویە ciglio چیلیۆ کە بە برژانگ دەڵێن، ناوی برۆ بە ئیتالی sopracciglio سۆپراچیلیۆ، کە دەکاتە : سەر یا سەرووبرژانگ، بەڵام رەنگە بۆ کورتکرانەوە بە برۆش گوترابێت، لە وشەنامەکەشیدا وەکو ئێرە هەر چیلیۆ هەیە و ئاوا بە " بەرۆ"ی مانا لێداوەتەوە . جگەلەوە، سۆپراچیلیۆ یا مژانگ (برژانگ بە شێوازی بادینان) لە کتێبەکەدا نیە ... ئەگەر مەبەستی لە Mežulánk مژانگ نەبێت و بە هەڵە وای- زانیبێت بە پیلو دەڵێن، کە لە بادینان هەر پێیدەڵێن پێلوو- وەرگێر] .

Dé,v	دەم
Le,v	لێو
Arzénk	چەناگە
Dedán	ددان
Pu dedán	پووک
Afk, afka	تێکڕای ددانەکانی سەروو یا خوار(بە ئینگلیسی: jaw)
Ažmán	زمان
Re	ریش، ردێن
Simbél	سمێل
Ghoh	گوێ
Gherú	گەروو
Sto	مل، ئەستۆ
Bask	باسک
Anísk	ئانیشک
Dest	دەست
Bohst	لەپ(ی دەست)!
T,pel	قامک!
Ghre T,pel	جومگەی قامک!

Néinúk	نینۆک
Mel	شان!
Pist	پشت
Ciciék	مەمک
Sink	سینگ
Māde	مەعیدە
Parasú	پەراسوو
Tanést	کەمەر
Nafka	ناوک
Zik	زگ
Reve	بەرگەدە، شوێنی تووکی بەر
K̄amak̄a	(ئیتالییەکە : وشەیەکی نارەسمی بۆ هەرتک :) سمت، کوڵم
Avkvžin	چاڵی نێوان ران و زگ
Kodk	چۆک
Lulia pe, Bask pe	لاق!
Klil pe, Ghazék	گوێزینگ
Pé	پێ
Cierma	پێست، چەرم

Bezn, Bezna	بەژن

ناوەوەی لەش

Astìi	ئێسک
Mez̆i	مێشک
Péi	عەسەب، دەمار
Rē	رەگ
Rē spì	شادەمار!
Kuhhn	خوێن
Del	دڵ
Melák	جەرگ!
Melák spí	سي!
Zehr ave	زەرداو
T̃ahhel	سپڵ
Rivi	ریخۆڵە
Male piciúk	(منداڵدان)رەحم
Papfk	میزڵدان
Ghu	گوو

Miz	میز
Nafža	مەچەک

خێزان و خزم و خوێش

Bab	باب
Zr bab	زڕباب
Bab pír	باپیر، باوەگەورە
Bab, ba pir	بابی باپیر
Dáik, Dáika	دایک
Zen bab	باوەژن
Da píra	داپیر، نەنک
Dáika da píra	دایکی داپیر، دایکی نەنک
Kvrv	کوڕ
Kéccia	کچ
Nevi	نەوە
Brá	برا
Kusk	خوشک
Mām	مام

K̄ali	خاڵ
Meta	خوشکی باوک
K̄aléta	خوشکی دایک
Brá za	برازا
Kvár zá	خوارزا
Bismán	پسمام(وشه ئیتالییەکه خاڵۆزاش دەگرێتەوە)
Dotmán	دۆتمام(وشه ئیتالییەکه خاڵۆزاش دەگرێتەوە)
Kasú	خەزوور![خەسوو و خەزوور له ئیتالیدا هەر دوا پیتیان جیاوازه]
Zen mām	خەسوو!، ژنی مام/ ژنی خاڵ(زاراوەیەکه بۆ رێزلێنان)
Zavá	مێردی کچ
Buka	ژنی کوڕ

تێبینی: یەک وشه بۆ هەموو ئەو پێوەندییانەی مام/خاڵ/ پوور له کوردیدا نیه [له ئیتالیدا یـەک تاقه وشـه بۆ تێکڕایـی مامان و خاڵان و ژنەکانیان و پوورانیش هـەیـه] . کـورد دەڵێن: مێردی پوورم، ژنی مامم . "مێر مەتا" واتا مێردی خوشکی بابم ." مێر خالەتا " واتا مێردی خوشکی دایکم ." زەن مام " واتا ژنی مام، " زەن خال" واتا ژنی خاڵ . به هەمان شێوه :"مێر خوشك" واتا مێردی خوشك،" زەن برا" واتا ژنی برا،" Ti تی" واتا برای مێرد یا برای ژن . مسوڵمان پتر له ژنێک دەهێنن، ئەو ژنانه دەبنه Avi,Avála بۆ یەکتر[هەوێ]، واتا هـەڤاڵ . بـەڵام کەسێکی دەرەوه بەوانه دەڵێت : ژنی یەکەم یا

دووەمی فلان، یا ئەگەر منداڵیان هەبن پێیان‌دەڵێن دایکی فلان . " Mer" واتا مێرد، " Zen " واتا ژن .

تێبینی : لە هەموو رۆژهەلات، پیاو لە قسەکردنیدا زۆر بە شەرم باسی ژنەکەی دەکات. لەجیاتی‌ئەوە بلێت ژنەکەم یا ناوی ژنەکەی بهێنێت، ئەگەر ئەولادی‌هەبن، دەڵێت دایکی فلان، ناوی ئەولادی دەبات، ناوی کوڕی . ئەگەر ئەولادیشی نەبن، دەڵێت " ماڵم " . ئەگەر رووی قسەی لە دۆستێکی نیزیکی بێت، دەڵێت : خوشکت . ژنەکانیش بە هەمان نەزم، لە باسی مێردیاندا ئەگەر منداڵیان هەبن دەڵێن : باوکی فلان، ناوی ئەولاد دەهێنن (هەمیشە ناوی یەکەم کوڕ)، ئەگەر ئەولادیشیان نەبن دەڵێن : ئاغای ماڵ . بەڵام ئەگەر کوڕیان نەبن و، هەر کچیان هەبن، نابێت ناوی کچەکەیان بهێنن، بە بێ ناوهێنان هەر دەڵێن : باوکی کچەکەم، دایکی کچەکەم .

کەسانێکی هەمان بنەماڵە پێیان دەگوترێت : وەجاخ Ugiák .

کەسانێکی لە نەژادی محەممەد پێیان دەگوترێت : شەریف، یا : سەید .

کەسانێکی لە نەژادی میران یا وەزیران، پێیان دەگوترێت Bek zadá بەک زادە، Ugiák zadá وەجاخ زادە .

مەراسیم و سڵاوی کورد

Sabahh'l ker سەباح لخێر واتا بەیانی باش، نیڤرۆ لخێر واتا نیوەڕۆ باش، ئیڤاری لخێر واتا ئێوارە باش، لە رۆژئاوابوونەوە تا کاتی‌خەوAnghori bel ker :ئانگۆری

بیل خێر.

چاک وچۆنی

کەیفاتە چاوا؟،Ahhle tá حالێ تە ؟ وەڵام: Kangia قەنجە، تو چاوا؟ ئەلحەم دەڵڵاهـ قەنجە Alahhm d'allah kangia ، شوکورخودێ Scuker Ŏodé قـەنجە . خێر هاتی . سەر سەرێ مەن هات، سەر چاڤێ مەن هات و، ئـەم دوو قسەی دوایيە دەکرێت بە بێ " هات"ـەکەش بڵێن، هەر : سەر سەرێ مەن، سەر چاڤێ مەن . کاتێک کەسێکی پلەی خـوارتـر لە سـەفـەرێک یا لە کـارێـک دێـتـەوە، سـەرەتـا پێی‌دەڵێن بەخێرهاتـی و ئەوجا : Tu sciakiát تو شـەکەت، واتا تۆماندوویت. وەڵامی‌ئەوش سـوپاس‌دەبێت بۆ خودا کە باشم و، بێ‌وچان شتێک لە قسەی چاکەخوازی .

تکاکاریی باشی

خودێ شوغلێ‌تە راست ئینیت، خودێ بێلیت کوڕو تە، خودێ ئەژ تە رازی‌بیت،خودێ دەولەتاتە مەزن بکێت.

ئەمەش هەر بە کەسی پلەی سەروو دەگوترێت : ئەز قوربانێ تە، ئەز خولامێ تە.

بۆ کاتی رۆیشتن

خاتێرا تە، خاتێرا ئونگو ؛ وەڵامەکەی : ڤەگەرا تە خێر.

بۆ کەسێک دیـارییەکی هێنابێت، لەوێ نـانـی خـواردبێت، یا هەر چاکەیەکی تر لەکاردا بێت : مالی ئاڤا.

بۆ رۆیشتن لە لای میر یا کەسێکی گەورەوە، ئەوەی دەڕوات هەر ملی لار دەکاتەوە و دەستی راستی لەسەر سینگی و ئەوجا سەر ناوچەوانی دادەنێت بێ ئەوە کە هیچ بڵێت، یا یەک یا دوو شتی چاکەخوازی دەڵێت .

مەراسیمی سەرەخۆشی

کاتێک کەسێک دەمرێت :

لای کوردان و لە وڵاتانی دەوروبەریان وەهایە، کاتێک کەسێک لە ماڵێک دەمرێت، خەڵکی ئەو ماڵە سێ رۆژ لە ماڵ دەرناچن، پێشوازی لە دۆست و ئاشنایانیان دەکەن کە بۆ پرسە روو لە ماڵیان دەکەن B,ciúm Tahhzí : بچووم تازی [لە خوێندنەوەی ئیتالیدا ئەو پیتەی"i" لە"B,ciúm" دا هەروەکو نەبێت وەهایە، ئەوە لە نووسینی وشەی کوردی لە زۆر شوێنی ئەم کتێبەدا هەیە].

ئەوەی بۆ پرسە دەچێت، هەر کە وەژوورکەوت دەڵێت Seretà quosca : سەرێ تە خۆشە، یا ئەگەر بە پتر لە کەسێک بگوترێت : سەرێ ئونگۆ خۆشە.

ئینشاڵڵا تو گەلەک خۆش بیت،Q̈odé kvrvtà b,elit خودێ کوڕوتە بێلیت،واتا خودا حەزکات کوڕەکانت بژین . لە کاتی رۆیشتنیشدا دەڵێت : رەحمەت بیت . خەما نە هەلگرە، ئەمرا خودێ .

خەما نە هەلگرە ammo ruzeq̈o b,merum هەموو رۆژێخۆ بمەروم، خودێ دل تە خۆش کەت . وەڵام : خودێ تە پاریسیت.

خودێ زێیده (مەبەست لە ساڵانە) درێژ کەت(ژیانت) . هەزار سالی بیت .

خودێ شوغلێ تە راست ئینیت.

زاراوەی پاڕانەوە

خاترا خودێ . خاترا پێغەمبەر . خاترا سەرێتە . خاترا سەر بابێتە . خاترا سەرکوڕو تە . خاترا رێ ئێتە (خاتری ردێن / ریشی تۆ) . عەشقا خودێ .

لای مەسیحییەکان ئەمانەش هەن :

خاترا عیسا، خاترا مەریەم، خاترا ئینجیل.

لای جووەکان

خاترا مووسا . خاترا تۆرات.

لە کاتی پەرێشانیدا : ئەمان، دەخیل . هاوارا خودێ .

سوێند

خودێ . پێغەمبەر. Mahhumet محەمەد . مەساف[مسحەف]، قورئان . سەرێ تە . سەرێ مەن. سەر کوڕو تە . سەر بابێتە . سەر کوڕو مەن . سەر بابێمەن .

ئەمانەش لای مەسیحییەکان :

ئینجیل . عیسا . مەریەم .

جووەکان :

مووسا، تۆرات.

ئەوانە هەموو بە شێوەی ئابستراکت وەهان، بەڵام بۆ قسەیەکیش دەگوترێت ئەو شتە : بە خودێ Pv Qodé، بە ئەو گراری (واتا بە ئەم خۆراکە)، بە ئەو نان .
هێندێک کەسیش وادەبێت بە عیبارەتی عارەبی خەستی دەکەنەوە : وەڵڵا، بیللا، تەڵڵا .
بۆ تێگەیشتنی پێوەندیی عیبارەتەکان و، وەسەرخستنەوەی وشەکانی وشەنامەکە، با سەرنجی تێبینییەکان بدرێت و شێوەی گەردانی پیتە دەنگدارەکان، کە وادەبێت وێ-دەخرێت یا لێ لادەدرێت.

وشەی هەر لە سنووری شتی پێویستتر دا

بۆ سەفەر

کاراڤان کەنگی چیت ؟	واتا :	کاروان کەی دەچێت ؟
بۆشە		(بە ژمارە) زۆرە
ئەورۆ کیڤا گەیت ؟		ئەمڕۆ گەیشتە کوێ ؟
بـ رێڤا ترسا هەیە		بە ڕێگاوە ترس هەیە
ئەز تـ ڤێم سواربوم		دەمەوێت سواری ئەسپ(!)بم
ئەز تـ ڤێم پەیابوم		دەمەوێت لە ئەسپ دابەزم

ئەز تـ ڤێم پەیا چوم بو کێیفا خۆ	دەمەوێت بە پێ بڕۆم بۆ کەیفی خۆم
ئەز وەستا	من ماندووم
ئەز تـ ڤێم راواستوم، و دەروونوم پیچەک	من دەمەوێت راوەستم و دانیشم کەمێک
ئەز تـ ڤێم ڤەخوم	من دەمەوێت بخۆمەوە
ئەز تـ ڤێم ئاڤێ	من ئاوم دەوێت
ئەز بەرسیا	من برسیمە
ئەز تـ ڤێم بخوم	دەمەوێت بخۆم
Kahhuna men tet خەحونا مەن تێت	من خەوم دێت
ئەز تـ ڤێم بێنەڤوم	من دەمەوێت بنووم
ئەز تـ ڤێم دێ رابوم	من دەمەوێت هەستم
Az t,vem b,ciúm dest nevésia	ئەز بچوم دەستنەڤێژا،

دەمەوێت خۆم پاک بکەمەوە (عیبارەتێکی بەئەدەبی کوردی).

ئەز تــڤێم میزوم	دەمەوێت میز بکەم
ئەز تـڤێم بـکەروم	دەمەوێت بکڕم
نان	نان
مێی (گوتنی بە یەک برگە)	شەراب
عارەق	براندی

[من پاشماوەی لیستەکەی ئەم وشانەی لێرەدا بەسەریەکەوە دەنووسم :]

گۆشت، پەنیر، ئێک(واتاهێلکە)، رون، نیڤیشک، شیر، ماستی (واتا puina) [پوینا لە ئیتالیا شتێکە لەنێوان ماست و جۆرە پەنیرێک، جۆرێک ریکۆتا]، ئەنگڤین، دوشاف، ماهسی(واتا ماسی)، نیسک، دیکەل(واتا کەڵەشێر)، میریشک، ڤۆردەک(واتا مراوی)، کۆتەر، کیڤریشک، بیرینج یا برێنج، ساڤار(واتا farro) [فاررۆ: گەنمی کوڵێندراو کە لە ئیتالیا وەک برینج دەخورێت، بەڵام گەنمی هەر ساغ، نەهاڕدراو]، Kohhe خوێ، مێڤا، تری، مەڤیس سۆر(واتا مێوژی سوور)، مەڤیس رەش[وشەیzibibbo زیبیببۆی بۆ مێوژ بەکارهێناوە،رەنگە ئەوەی لە ژێر تەئسیری عارەبیی مووسڵدا بووبێت، بە عارەبی بە مێوژ دەڵێن زبیب . زیبیبۆی ئیتالیش هەر لە " زبیب"ی عارەبی وەرگیراوە، بەڵام بە جۆرێک ترێ دەڵێن و بە شەرابێکیش کە لەو ترێیە دروست دەکرێت]، بایف، ئارمیک (واتا هەرمێ)، سێف (واتا سێو)، Beh بێە (واتا بەهێ)، ئەنار، ئەهلوچەک (واتا هەڵووچکە)، ئەهلوک(واتاهەڵووچە)، ئەژیر(واتا هەنجیر)،Ghús گوێز، بەندەق، خۆخ، خیار، شووتی یا دەبەش، پیڤاس، خورما .

سیر ("س"یەکە لە نێوان ددانەوە دەگوترێت).

دۆDàu (بە یەک برگە)   پوینای کە لە ئاودا دەتوێنرێتەوە و بۆ فێنکایی دەخورێتەوە.

حەلاوە Ahhlàu,e : تۆرروونێ، شیرینییەک لە هەنگوین یا شەکر و ئارد و بادام و گوێز و فندق یا کونجی دروست دەکرێت[تۆررۆنێ بە ئینگلیسی : نووگا nougat، شیرینییەکە بە شەکر و هەنگوین و گوێز و بادام(و فندق و پستە) و سپێنەی هێلکە دروست دەکرێت].

لێرەدا دەمەتەقێیەکی کەم بۆ پێکهێنانی چەند بیرێک لە بارەی زمانی کوردییەوە دەکەم بە کۆتایی ئەم ڕێزمانە .
[لایەکی کوردییەکەیە و لایەکەی تری مانا ئیتالییەکە. ئەوەی لە ناو دوو کەوانی وەهادا-یە : ( )، وەرگێڕانی ئیتالییەکەی بەرانبەرییەتی، یا هەر دەقی ئەسڵەکەیە چ ئیتالی و چ کوردی] .

ئاخافتنا بەین دوو ئاغا موسولمان

ئیسماعیل و موستەفا

ئیسماعیل : سەلام عەلێیک

موستەفا : عەلێیک سەلام و رەحمەتا ئەڵلاهـ

ئیسماعیل : سەباح ل خێر . کەیفاتە چاڤا.

موستەفا : ئەلحەمدُئەڵلاهـ (یا : شوکەر خودێ) قەنجە . تو چاڤا

ئیسماعیل : شوکەر خودێ.

موستەفا : هاتنا تە، ئینشاڵڵا خێرە.

ئیسماعیل : ئینشاڵڵا خێرە . یاری مەن عەزیز . ئەز هاتوم نەک تە خاتەر یەک پێشیارا (من بە داوایاک هاتوومە لای تۆ) نیاسوم دلێ تە قەنجە گەل من ؛ و پێناستوم پێیداکەم یەک ئەژ تە ئەمینتەرا .

موستەفا : سەر سەرێ مەن . بو خدمەتا تە چو تەقسیر ناکەم .

ئیسماعیل : خودێ تە ئاوێز کەت (Avéz ket خزمەتت بکات) [دەبێت "عـەوێز" لە "عوض"ی عارەبییەوە بێت] . تە عاجز نـەکا، ئەگەر بو تە بێژم چی سەر مەن هات .

موستەفا : تـەکلیف بلا کەنارەک، ئەو، بێین مە، بەتال (با تـەکلیف وەلابنێین، ئەوە لە نێوان ئێمەدا نیە).

ئیسماعیل : گۆە بدەی مەن، بو تە هـەموو ئاشـکەرا بێژم . پار میر مە ڤرێکریا سـەر چار گوند خاتەر دراف(بۆ پارە) بستینم . مەن باوەر کریا(١) کە کەس حشـیار نابیت[ehhsiárnábit لێرەدا لەبیری چووەتەوە کە sc ی وەکو ئیتالییەکە بۆ " ش" دانابوو] . مەن سـتاند هـەزار قروش زێـدە بو مـەن؛ مەرۆڤـەک گـوند (نازانم کییە) شـکایەت دا نـەک میر . ئەو ahhzer حـازر؟ ئەژ مەن کەربا (٢) ڤەکیریا،مە دەرمخست(نەفیکردم)، پاشی تالانکریا مالێ مەن(دوای دەست بەسـەرداگرتنی مالْم)، و سـتاند هـەموو پـەز، و ئێستەر؛ نوک(ئێستا) تو فەکەر بەکە، چاڤا(چۆن) ئـەز sciáp erza شەپعەرزا!(پەندم پێدرا، فێلْم لێکرا)، حەزکەم کە تو نیشان دێی مەن چێێ لازمم چێبەکەم .

---

(١) مەن باوەر کریا، کە کە کەس حشیار نابیت واتا : لام وابوو کەس پێی نازانێت .

(٢) ئەژ مەن کەربا ڤەکیریا واتا : زۆر لێم توورە بوو.

موستەفا : دەل[دڵ]خۆ خەراب نەکە(٣)،عەلاج ئەوی زەحمەت نینە . ئەو رەنگ چێ-
بکا(وەها بکە)،بنڤیسیا یەک مەکتووب بومالخۆی(٤)و گەل مەکتووب ڤرێبکە
دوو کیسە(٥) و کرار بەکا(وێرای بەڵێنیەوە کە) ئەگەر شۆغلێتە پێک ئینیت
سێ کیسا کـئیدی، ئەمما ئەو بەسسا نینە، هەم لازمە ڤێرێرکێی یەک دیاری بو
میرا(ئـەمیرە، هاوسەری میر) ئەژ رەنگ ئەوی، خاتەر گەل میر ئـاخاڤت، کە
چو جار بێ دەل ئەوی ناکەت(٦).

ئیسماعیل : بو میر تەشتەکی تـڤێت ؟

موستەفا : مەعلووم . ئەو کەفشە (روونە).

ئیسماعیل : نەزانم چێ لێ دێم (چییان بدەمێ).

موستەفا : مالخۆی بو تە بەنڤیسیت، چێ لازمە.

ئیسماعیل : کیڤە پێیدا کەم هەندا دراف ؟

موستەفا : تو مەرۆڤی شـاتەر(خێرا) [شاطر، زیرمک] نینە . تو چو جار تە نابییست، ئـەوی

---

(٣) دل خۆ خەراب نەکە عیبارەتێکی کوردییە واتا دڵی خۆت مەشکێنە، خۆت مەشێوێنە .

(٤) Malkoi ناوی پیاوێکی گرنگ .

(٥) دوو کیسە، کیسەیەکی تورک دەکاتە ٢٥٠ سکودۆ، بەڵام هی کورد دەکاتە ٣٧٥.

(٦) بێ دەل ئەوی ناکەت عیبارەتێکی کوردییە واتا بێ دڵیی ئەو ناکات .

چاڤا چێکریا مامێ تە دەهـ سالی بەر ئایکا (پێش ئێستا) ؟ چێبکە سیبی ئەوی (وەکو ئەو بکە) . تو دێین بستینە (قەرز وەرگرە) چەنت ئەوجە بیت (چەند پێویست بێت)، و پاشی کەنگی جارێ کیدی میر دەل(٧) خۆ چێکریا گەل تە (وە بەر لوتفی میر کەوتیتەوە)، و گەیشتیا مال؛ تو هەیە گەلەک فەللاح (٨) رەعایا تە کە فرانگی بوو؛ تو ئەو حیججێت(بەهانە) بگرە، و وان بدێی ناڤ زەنجیر(هەرڕۆ هەرڕۆ هەموو پاشای رۆمی چێکێت)(هەموو رۆژێک پاشای عوسمانی وا دەکات) و بستینە ئەژ وان زێدە چیێ تـاوجە بوو(پتر لەوەی کە پێویستت بوو). هەر فەللاح کە دەبیت فرانگی franghi ، لازم حیساب کەر دوژمن ئەژ مسولمان . چیێ تـڤێت سانایتەرە ؟ (چیت دەوێت لەوە هاسانتر؟).
ئیسماعیل : ئەگەر بو تە راست بێژم، هێندە ئەز ئاللۆزی بوو(٩) سەر ئەو شوغول؛

---

(٧) دەل خۆ چێکریا گەل تە عیبارەتێکی کوردییە (بە حەرفی : دلی کرد لەگەڵت) .
(٨)Fallahh فەللاح، ئەو ناوە واتا جووتیار/دێهاتی . بەڵام بۆ کینەئاینیی بەرانبەر ئەوهەمووە مەسیحییانەی رۆژهەڵات و،ئەوروپاییش : فرانکی، وا بە مەسیحیی کاتۆلیک دەڵێن، لەلایەن ئەهلی بیدعەتەوە داهێنراوە تاکو لای تورکان کینەیان بەرانبەر هەبێت .
(٩) Allozi ئاللۆزی، ئەو وشەیە بۆ ئەوە بەکاردێت کە کەسێک سەری لێ بشێوێت و نەزانێت چی بکات .

که ئەژ هەموو مەن سبیرکریە.

موستەفا : خەما ئیدی نە هەلگرە . چێبکە چیێ مەن گۆت بو تە، و کێیفا خوە ئینە .

ئیسماعیل : فکرێ تە مە تەناکریا (ئارامی کردمەوە)، ئەز ئەژ تە بچوم قەوی رازی . خاتەرا تە.

موستەفا : ڤەگەرا تە خێر.

ئیسماعیل : خۆدێ شۆغۆلێتە دایمەن راست ئینیت. هەزار سالی بیت . خۆدێ بەهشت دێت بو تە .

ڤۆکابۆلاریۆ

بۆ ئاگاداری

ئەوانەی لەم وشەنامەیە دەنۆڕن،دەبێت زۆر بە وردی ئاگایان لە پیتەکانیدەنگیناوەندی وشەکان و، ئیشارەتەکانی دەنگی قوڕگی ببێت، چونکە زۆر وشە هەن کە مانایان زۆر جیاوازە و لە نووسیندا ئەگەر بە ئیشارەتەکانی بەسەریانەوە نەبێت لێکناکرێنەوە، بە نموونە : پیاPia بێ هیچ ئیشارەتێک واتا پیاوێکی گرنگ، بەڵام پیا piá بەو ئیشارە-تەی بەسەر دوا پیتەکەیەوە واتا : پیادە . غیرە Ghira بەو خەتە بەسەرەوە واتا : رووح، رووحییەت، حەماس، بەڵام بە بێ ئەو خەتە بەسەرەوە Ghira واتا : جەغز. بۆ هاسانکردنەوەی دیتنی گەردانی کردار(جگە لە کرداری ناشەخسی) هەمیشە بە کەسی یەکەمی دۆخی کاتی ئێستای خەبەری دەستپێدەکەم، ئەوجا کەسی دووەم و، رابردووی نیزیکیشی دەنووسم؛ ئەوەم بە پێویست دیت، چونکە زەحمەتە بزانرێت ئەو کردارە لە گەردانیدا کامەیە و،لە رابردوویدا چ گۆڕانێکی بەسەردێت،وەک لە رێزما-ندا دەبینین، بۆ هەمان شت" نەرێنی"ی کەسی یەکەمی دۆخی کاتیئێستای خەبەرییشی دەخەمە پاڵ،بەوە کە خوێنەر دەکرێت لە کردارێکدا کە بە" نا، نە "دەستیپێنەکردبێت، نەرێنیی تێدا نەبینێت و لێیبشێوێت، چونکە خۆ ئەو" نا، نە"یەی نەرێنی هەمیشە وە پێش کردارەکە ناخرێن، دەکرێت لە ناوەندی وشەی کرداردا بێت، بە نموونە : ئەز پێوەستوم واتا من دەتوانم، بۆ"من ناتوانم" دەبێت بڵێیت"ئەز پێناوەستوم"، زۆریتریش وەهان . بۆ کرداری لێکدراویش هەر یەکەم کەسی دۆخی کاتی ئێستای خەبەری

دەنووسم، بەڵام ئەوەی کەسی دووەم و رابردووی لێ وەلادەنێم، چونکە - هەروەک لە رێزمانەکەدا باشم روون کردووەتەوە- هەموو کردارە لێکدراوەکان یا بە " کردن" یا بە "دان" دروست بوون . بەم شێوەیە لام وایە ئەم وشەنامەیەم روونتر لێ کردبێت .

[ئەم وشەنامەیە، لیستی وشەی ئیتالی و کوردییەکەی گارزۆنی لەبەرانبەریدا، من چی لێ بکەم ؟ زۆرم بیر لێکردەوە و نەگەیشتمە نەتیجەیەک . ئەگەر ئێستا بمەوێت کار - بڵێین- لەسەر فەرهەنگەکەی تەوفیق وەهبی و ئەدمۆندز بکەم، ئەوا دەزانم دەکرێت چەندە کاری لەسەر بکەم : لە "کوردی -ئینگلیسی"یەوە بیکەمە "ئینگلیسی- کوردی"، یا "کوردی- کوردی"، یا کوردی و هەر زمانێکی تری ئەوروپایی کە بیزانم، یا ئەگەر هەر لیستی وشەکانی ریز بکەم و هیچی تر، دەبێتە کارێکی لەجێی خۆیدا، بەڵام ئەم وشەنامەیەی ئەم کوردییەی گارزۆنی ئەمڕۆ بە کەڵکی چی دێت ؟
وشەنامەکە ٢٠٦ لاپەڕەی گرتووەتەوە، کە زۆرتر وایە لاپەڕە لە نێوان بیست وشە و تا سی وشەی وەخۆگرتووە، بەهەمووی دەگاتە سەرووی چوارهەزارو پێنجسەد وشە، من زۆرشوێنیم سەیرکرد، گوتم بەڵکو شتێکی وەهای هەر تێدا ببینمەوە کە بیری ئەوەم بداتێت کارێکی لەسەر بکەم، بەڵام هیچم تێدا نەدیت .
بە ئاگاداربوونی خوێنەر لە تائیرەی کتێبەکە، رەنگە لە پێویستیش‌بەدەر بێت کە پێی‌بڵێم حەتمەن دەبێت چاوەڕێی ئەوە لە وشەنامەکەشی بکات کە، هەڵە و قسەی سەیر و بێ سەروبەری تێدا کەم نەبن، بەراستی کەم نین و زۆریشن . دیارە دەکرێت وشە بە وشە

لەسەری بوەستم و، لێبکۆڵمەوە کە دەبێت مەبەستی لە وشە کوردییەکە چـی بووبێت و ئەگەر هەڵە بێت هەڵەکەی لەکوێدایە و زۆری لەسەر بڕۆم، چونکە زۆری ئەوەی ئەو دەیڵێت ئیتر وەکو مـەتـەڵ وایە، بـەڵام ئەو هەمووە کارە بۆچی و بە کەڵکی کێ دێت ؟ ئەو کاتەی کە ئەوە دەیگرێت بۆ شتێکی تری بەکەڵک تەرخان بکەم باشتر نیە ؟

دیسان، وەک پێشتر لە باسی ڕێزمانەکەشیدا گوتم، شتێک هەر بە نموونەی مشتێک لە خەڵواری وشـەنامەکەشـی بۆ ئاگاداری : یـەکەم وشـەی لیستی هـەر پیتێک لە پیتەکانی ئیتالییەکەی و بەرانبەرە کوردییەکەی دەخەمە بەرچاو .

وشـەنامە، وشـە بە ئیتالی دەنووسێت و دەڵێت بەرانبەرەکەی بە کوردی چییە . ئـەلف-بێی ئیتالی "J,K,W,X,Y"ی تێدا نیە، ئەوانە - هەرچەندە وادەبێت ئیتالی بۆ هێندێک وشەی بێگانە دەیاننووسن بەڵام - لە ئەلف-بێی زمانی ئیتالیدا نین، لێرەدا H یـشی تێدا نیە، هەرچەندە H لە ئەلف-بێی ئیتالیدا هەیە بەڵام بێ دەنگە(بەنموونە : ho ئۆ)، دوو پیتی"u,v" یش لێرەدا هەر کراون بە یەک(V) .

یەکەم وشە لە هەر پیتەی بەمجۆرەیە :]

A Bada - Mežúl.Tenere a bada- Mežúl tkem,occupato faccio.

بە ئینگلیسی دەبێت بە:

at bay- mežŭl- to keep at bay- mežúl tkem, doing busy

شوێنی ئەوە دەبێت لای پیتی B بێت، نەکA ، چونکە ئەمە وەکو ئەوەیە کە لە فەرهە-نگی زمانی کوردیدا " لە ماڵی خۆمان" بخەینە پیتی" ل"ـەوە . خۆ A ی ئیتالییەکە بەو جۆرە لە" لە"ی کوردییەکەش پتر دەگرێتەوە، دەبێتە : بۆ، بە، لە...، بەڵام خۆشبەختانە گارزۆنی لێرەدا هەر بەوەندە کۆتایی‌هێناوە . A دەبوو بەتەنیا یەکەم وشە بوایە . نازانم گارزۆنی ئاگای لە چقامووسێک‌هەبووە، یـەکەم وشـەنامەی ئینگلیسی-لاتین و لاتین-ئینگلیسی ساڵی ١٥٣٨ دەرچووە، یـەکەم قـامووسی ئینگلیسی - ئینگلیسی ساڵی ١٦٠٤ بووە،کە هەر ناوی قاموسەکە یەک لاپەڕەی تەواوی گرتووەتەوە . یـەکەم قامووسـی زمانی ئیتالی " ڤۆکابۆلاریۆ ئاکادێمیچی دێللا کروسکا" ساڵی ١٦١٢ بڵاوبووەتەوە . ئەم مانالێدانەوەیەی ئێرە، بەشی دووەمی" مژول تکەم، مەشغوول‌دەکەم" تێدەگەم، بەڵام to keep at bay واتا" خۆ لێ دوور گرتن،لە خۆ دوور گرتن " لێرەدا شوێنی نیە .

Bacca – Tove, cioè semenza.

بە ئینگلیسی دەبێت بە

Berry – tove, i.e. seed.

بە " توو" دەڵێت : تۆڤێ" یا" تووێ" و دەڵێت ئەوە هەمان تووە کە دەیچێنین، واتا کورد بە تووش هەر دەڵێن توو.

Cabala – Ramel

بە ئینگلیسی Kabbala : " قباڵە"ی باتینییەتی ئاینیی جوو، بە کوردی : رەمڵ ؟

Da, segno dell'ultimo caso- Eẍ, o sia Ez.

وشەی " دا "ی ئیتالی وا مانا لێدەداتەوە کە : بە کوردی " ئـەژ "یا " ئـەز"، ئیشارەتی دوا دۆخە ، مەبەست ئابلاتیڤ " لە ..."، تا لە ماناکانی تری da ی جیابکاتەوە .

E, copula , U   e ی ئیتالی = and ی ئینگلیسی، بۆ پێوەندی، بە کوردی : و

Fabbrica- Avàiia –

فابریکا ، فابریقە، کارگە، کارخانە، بە کوردی : ئاڤاییا .

وشەی دوای ئەوش Fabbricare ، بە ئینگلیسی to manufacture بووە بە : ئاڤاتـکەم .

Gabbare – Ahhilàt Kem, Lēbi cekem

بە ئینگلیسی to cheat : فێڵ لێ کردن، قۆڵبڕین... ، دەڵێت بە کوردی :

Ahhilat Kem ئا حیلەتکەم، Lebi cekem لێیبی چێکێم؟

Idolatra . Sanàm perést

بتپەرست بە کوردی : Sanam perést سەنەمپەرێست.

Là, Lúe

Là واتا ئەوێ، لەوێ، بە چەند شێوەی تریش لەعیبارەتدا بەکاردێت، لیرەداLúe لـ وێ

Ma . Amma

Maی ئیتالی واتا : بەڵام، لێرەدا : ئەمما

Nacchera, instrumento piccolo ad uso di tamburo,Nakàra.

Nacchera ی ئیتالی، لێرەدا دەڵێت : ئامرازێکی بچووکە بۆ تەپڵ بەکاردێت و بە کوردی : Nakàra . " نقارە" ی عوسمانی هەر بە تەپڵ گوتراوە و، بە زاراوە بە تێکڕای دەهۆڵ و زوڕنا و ئامرازی تریش(چاڵغی)یەک گوتراوە کە لە شوێنی گشتی یا لە گەورە ماڵان (لای مهتر، مهتران) لێدراوە، وەک بڵێین " دەهۆڵ لێدان" لەجیاتی " باندی مووسیقی کاری بکات".

O, particola separativa, la, per domandare uno, O, i Jazidi dicono , Lo lo

o بە ئیتالی واتا : یا ، هەر واشی مانالێداوەتەوە la ، بەڵام " ئۆ" ی کوردییەکەشی لێرەدا وەبیرهاتووەتەوە و دەڵێت O : بۆ داوا یا پرسیاری یەکێک، یەزیدییەکان دەڵێن لۆ لۆ.

Pacciame- kassavàt

پاچامێ(لێرەدا نووسراوە Pacciume، دەبێت هەڵەی چاپ بێت یا وا لە شێوازێکدا هەبێت یا هەبووبێت)ی ئیتالی، بە ئینگلیسی دەبێتە mulch مەلچ : بەو وردە تەختەی تەڕ و گەڵا و کا و پووش و پەڵاشە دەڵێن کە وادەبێت جووتیار زەوی پێ دادەپۆشن . لێرەدا کوردییەکەی بە " کەساوەت " یا " کەسافەت" داوە .

Qua, Lera, Era, Venàve

Qua کوردییەکەی لێرەدا : لێرە، ئێرە، ڤێناڤێ هـەڵـە نیە بـەڵام لە ئیتالیدا لە سیاقدا ئەو مانایە دەدات، بە نموونە: لە " لێرە و لەوێ"دا بۆ لێرەکە بەکاردێت، ئەینا ئەگەر هەر تەنیا بڵێن ئێرە یا لێرە یا ڤێناڤێ، شتی تر دەڵێن .

Rabarbaro, medicina- Rahvènt

Rabarbaro واتا ریواس، وا لێرەدا دەڵێت دەرمانە و،کوردییەکەی بە Rahvènt دەدات، عارەب پێی دەڵێن" راونـد"، رەنگە گارزۆنی ئەوەی لە عارەبی مووسڵ وا بیستبێت.

Sabbato- Sciàmbi

ساباتۆ(رۆژی سبت، شابات – ئارامی) شەمبی : شەممە.

Tabaccare, prender tabacco per il naso – Bornùti kesciùm

Tabaccare تووتن وەبەر لووت دان – بۆرنوتی کێشوم .

Vacanza- Batàl

Vacanza بە ئینگلیسی دەبێت بەholiday,vacation،کوردییەکەی لێرەدا: بەتاڵ!

Zaffarano- Zafràn

قامووسی ئیتالی دەڵێت:"زافارانۆ" لە "زعفران"ی عارەبی و ئەویش لە" زردپران"ی فارسی . وا گارزۆنی لێرەدا کوردییەکەی بە "زافران" داوە .

دوعا و نوێژی یەکشەممان

[بە کوردییەکەی دەست پێدەکات و دەقی لاتینەکەی بەدوودا دێت]

بابێ مە کە دەرونیت سەر ئاسمان : موقەددەس بیت ناڤێ تە.

بدەیی ئا مە بەهەشتێ تە [ئەمە لە لاتینەکەدا نیە].

دەبیت ئامرادا تە سەر ئاسمان، ئو سەر ئەرد.

ئەورۆ و هەر روژ تێرا نان بدەی ئا مە.

و عافو بکە گونا مە، سیبی ئەم عافە بەکەم هەر کەس چیکریا مە زەرەر، یا زەحمەت

و نەئاڤێژە مە ناڤ تەجەریب .

ئەمما خەلاس بکە مە ئەز خەرابیا . ئامین .

سڵاوی فریشته

[دوعایەکی کلیسایی، سەرەتا کوردییەکەی و چەند وشەی عارەبیی تێدا، دوای ئەوە لاتینەکەی]

سلام لک، یا مریم؛ تەگی نامێ تە خۆدێ، الرب گەل تە؛ مبارک تە بین زنان، و مبارک مێڤا زکێ تە سیدنا*عیسا . قدوسە مریم دایکا خودێ نەڤێژا بکە بو مە گوناکار؛ نوک و ل سەعات مریا [مردنی] مە . ئامین .

---

(١) سیدنا، واتا ئاغامان، وشەیەکی عارەبییە و کوردیش لە ناوهێنانی پێغەمبەرێکدا، بۆ رێزلێنانی زۆر، دەیڵێن؛ وەکو " سلام لک" یەکەش، و " الرب"یش وشەی عارەبین بەڵام لە دوعا و نوێژدا دەگوترێن .

["سڵاوی فریشتە"دەکەوێتە لاپەڕە٢٨٤ی کتێبەکە،لاپەڕە ٢٨٥ی وێنەی مەرسوومێکی کلیسایە بە زمانی لاتین، لاپەڕە٢٨٦و٢٨٧ لیستی هەڵەنامەی وشە کوردییەکانییەتی و، گارزۆنی لە دوا لاپەڕەیدا(٢٨٨) دەڵێت کە بە پێویستی نەزانیوە هەڵەی چاپی وشەی ئیتالی راستبکاتەوە، چونکە ئەوانە روون و لەبەرچاون و، دەڵێت کە بۆ رێنووسی کوردییەکەشی، کە ئەو هیچ کتێبێکی بۆ سەیرکردن و بەراورد بۆ ئەوە بە دەستەوە نەبووە، دەکرێت هەڵەی تێدا هەبن. ئیدی کتێبەکە بە عیبارەتیلاتینی : Lode A Dio (ستایش بۆ خودا) بە خەتی درشت کۆتایی دێت .

ئەم کارەی منیش بە بڵاوکردنەوەی وێنەی مەرسوومە لاتینەکە و وەرگێرانی کوردیی بەدوودا کۆتایی دێت] .

DECRETUM

Sac. Congreg. generalis de Propaganda Fide hab. die 27. Novembris 1786.

REferente R. P. D. Stephano Borgia Secretario, valde profuturum, si ad informandos Operarios, qui ad excolendam Domini vineam in Mesoporamiam mittuntur, Grammatica, & Dictionarium linguæ Kurdæ a Rev. P. Mauritio Garzoni Ordinis Prædicatorum emerito Missionario elucubratum typis mandetur; Sacra Congregatio rei utilitatem perpendens decrevit, ac jussit, ut eadem Grammatica, & Dictionarium linguæ Kurdæ typis, ac sumptibus ipsius Sacræ Congregationis accurate excudatur.

Datum Romæ ex ædibus prædictæ S. Congregatinis die, & anno, quibus supra.

L. CARD. ANTONELLI PRÆF.

S. Borgia Secretar.

فەرمان

کۆڕی گشتیی پیرۆزی پڕۆپاگەندەیعەقیدە، بە دەسەلاتیکی پێی دراوە، ٢٧ی نوامبری ١٧٨٦.

بە گوێرەی راپۆرتی زۆر بەڕێز مامۆستا " ستێفان بۆرجە"ی سکرتێر، زۆر بەکەڵک دەبێت ئەگەر کرێکارانی کە بۆ کاری رەز، کاری خودا، ناردراونە میسۆپۆتامیا، لەوێ، رێزمان و وشەنامەی زمانی کوردیی مامۆستای بەڕێز ماوریتیوس گارزۆنیی تەریقەتی دۆمینیکانی بخوێنن؛ ئوستاد، قامووسێکی زمانی کوردی بە چاپ (ی بلۆکی تەختە) ئامادە کردووە، کە کۆڕی پیرۆز، لە روانگەی ئەوەوە کە بەکەڵکە، فەرمانی دا و بە مەرسووم بڕیاری دا کە ئەو هەمان قامووسە چاپکراوەی زمانی کوردی، لەسەر ئەرکی کۆڕی پیرۆز خۆی بە چاکی بەرهەم بهێنرێت [چاپ بکرێتەوە] .

ئەمە دەرکرا لە : رۆما، ئیدارەی کۆڕی پیرۆزی باسکراو، لە رۆژ و ساڵی لەسەروو ئیشارەت پێکراودا .

ل. ئانتۆنێللی - کاردینال و پریفێکت [بەڕێوەبەر، پلەیەک لەخوار ئوسقوف/مەتران].

س. بۆرجە - سکرتێر .

GRAMMATICA
E VOCABOLARIO
DELLA
LINGUA KURDA
COMPOSTI

DAL P. MAURIZIO GARZONI
De' Predicatori Ex-Missionario Apostolico

Tojer u Wergêr :
Şêrko Hejar
2018

Arşîf : Hêdî

ROMA MDCCLXXXVII.

Nella Stamperia della Sacra Congregazione
di Propaganda Fide

CON LICENZA DE' SUPERIORI.